# ئیخوان
# موسلیمین
# داینەمۆی
# بەرهەمهێنانی
# توندوتیژی

والا
ئایدیا
govaryidea@gmail.com
گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە(٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

**خاوەنی ئیمتیاز:** دەزگای والا
**سەرنووسەر:** ئەنوەر حسێن
a.bazgr@gmail.com
07701535029
**جێگری سەرنووسەر:** لوقمان رەئووف
lukmanraoof@yahoo.com
07701369792
**بەڕێوەبەری نووسین:** هاشم ئەمین
**دیزاینەر:** روناک رەسوڵپور
**تایپ و هەڵەچن:** نەورۆز فوئاد، باوان عومەر، شاد موحەمەد
**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
**نرخ:** ٤٠٠٠ دینار
**چاپ:** چاپخانەی کارۆ

ئیخوان موسلیمین دایتەمۆی

# ئیخوان موسلیمین  داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی

**ئاریز**

بێگومان ئیسلامی سیاسی چەندین قۆناغی جیاواز و لەچەند کات و سەردەمی جیاوازدا، ڕەوتی کارکردنی کێرڤی هەڵکشا و داکشاوی بەخۆیەوە بینیوە و تەنانەت زۆرجار کاریگەریی نەبووە، بەڵێم پێویستە ئەوە بزانین هەمیشە کەم و زۆر لەسەر پیادەکردنی توندڕەوی و توندوتیژی و پرۆژەی جیهاد و تەکفیر جەختی کردوەتەوە و ئامادەگی هەبووە بۆ چۆنییەتی کارکردنیان.

گەر بەوردی سەرنج لەسەردەمی خەلافەت و دوابەدوای ئەویش حوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بدەین، هەر لەوکاتەوە پرۆژەی توندوتیژی و تەکفیر کاری پێکراوە، ئەمەش دەلالەت لەتوندڕەوی و قبوڵنەکردنی دیالۆگ، ویستی سەپاندنی دەسەڵێت و چەمك و ئایدۆلۆژیای مەزهەبی و ئاینی بووە بەزەبری شمشێر و ملکەچکردنی ئاراو ئایدیا جیاوازەکان، تەنانەت لەناو خودی ئەو پێکهاتە دینییەدا، دابەشبوونێك هەبووە کەلایەنی خۆ بە خەلیفە و دارێژەری بەرنامەی ئاینی، باڵی دووەمی بەناشەرعی و شکستخوارد و زانیوە، جەنگ و حوکمی شمشێری بەفاکتەری ئەساسی زانیوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و سەپاندنی خواستەکانی، جیهادیشی کردوەتە ئەفسانەیەکی یۆتۆپی بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسی و پایەکانی دەسەڵێت، تەنانەت لەم پێناوەدا زۆر گوێیان بەدەقەکانی قورئانیش نەداوە و سڵیان لەو ڕەفتارانە نەکردوەتەوە کەبەقسەی خۆیان، ئەوەی دەیکەن لەپێناوی ئاین و قورئاندایە.

گەر باس لەسەردەمی نوێ و خۆرێکخستنی ئیسلامی سیاسی بکەین لەقاڵبی گروپ و دارشتنی مانیفێستێکی تایبەت و ناسینەوەی بەئایدۆلۆژیایەکی تایبەت

و دارشتنی چەندین خاڵ، وەکو پرەنسیپی کارکردن و میتۆدی ئیسلامی سیاسی.

پێویستە ئەو هەوڵە بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی «ئیخوان موسلیمین» ... لەمیسر لەساڵی (١٩٢٨) لەسەردەستی حەسەن بەننا بگێرینەوە، ئیتر لێرەوە ئیسلامی سیاسی دەچێتە قۆناغێکی تایبەتی و خۆڕێکخستنەوە و بەرنامەیەکی نوێ و چەند مەبەستێکی دیار و نارون دادەنێت.

بۆیە «ئیخوان موسلیمین» بەپێداچوونەوە بەدەقەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر و قسەی خەلیفەکاندا، پرۆژەیەکی وەچنگ دەکەوێت و بەپێداگرتن لەسەر خواستەکانی «حەسەن بەننا» و هاتنە کایەی ڕێکخراوەکەیان وەکو ڕێکخراوێك کەجیهان، یان لانی کەم جیهانی ئیسلامی، بێگومان لەسایەی توندرەویدا، بەشێوەیەکی وا ڕێکخراوە، کەلەگەڵ میتۆدی ڕێکخراوەکەیان یەکبگرێتەوە، ئایدۆلۆژیای ئیخوان ببێتە تاکە مەرجەع بۆ کارپێکردن، بۆیە هەر لەسەرەتاوە رادەگەیەنێت کە» ئیسلام ئاین و ژیانە، ئاین دەولەت و قورئان و شمشێر»ە، گەر بەتەنیا سەرنج لەم خاڵە بدەین، «حەسەن بەننا» بەحوکمێکی زۆرملێیانە خۆی دەکاتە ئاینی سەرجەم مرۆڤایەتی و سەرچاوەی گشت جیهان، لەکاتێکدا کەمتر لە (١/٦)ی جیهان پراکتیزەی ئاینی ئیسلام دەکەن، تەنانەت بەناسنامە موسڵمانن.

دواتر دەڵێت» ئاین، دەوڵەتە». بەو مەبەستەی کەپێکهاتە و هەیکەلی ڕێکخراوەیی دەوڵەت، یان حکومەت و یاسا نابێت هیچ ناوێکی لێبنرێت، جگە لەحکومەت و دەوڵەتێکی ئیسلانی زۆرەملێانەی دور لەخواستی گەل و جەماوەر بەواتایەکی تر، تێکەلێوکردنی ئاین لەگەڵ دەوڵەت لەبچوکترین پنتی ئەو هەیکەلە تادەگاتە قوچەکی هەرەمەکە، بەپێچەوانەی تێزی ئاینی مەسیحی و ئایدۆلۆژیای مارکسیزمەوە کەدەڵێت «جیایی دین لەدەولەت»

بەو واتایەی کەنابێت دین تێکەڵی کاری سیاسی و دەوڵەت بکرێت، بەڵێم «ئیخوان موسلیمین» هیچ ئەگەرێك بۆ ئەو خواستانەی سەرەوە ناهڵێتەوە، ئەوەشی کەپشتی پێدەبەستێت و سورە لەسەر جێبەجێکردنی «شمشێرە»... واتا سەپاندنی ئاینێك و ئایدۆلۆژیایەك بەزۆرەملی، هەر بۆیە لەشوێنێکی تردا دەڵێت»هەر شوێنێك ئالیی ئیسلامی تێدا هەڵکرابێت ئەوە نیشتمانی هەموو موسڵمانێکە...!».دەڵێت «قورئان، شمشێرە، ئیسلام، نیشتمان و رەگەزنامەیە، سەرجەمیان یەك نەتەوەن و نیشتمانی ئیسلامیش یەك نیشتمانە....».

ئەمە جگەلەوەی سەپاندنی بەزۆریی، داوایەکە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بەهیچ شێوەیەك یەك ناگرێتەوە، کەئالێ و خاك و نیشتمان لەفاکتەرە ئەساسی و سەرەکیەکانی دروستبوونی کیان و دەوڵەتە و هیچ پێناسەیەك بۆ نەتەوە و



ئیخوان موسلیمین داینەمۆ

نیشتمان ناکات، هەموو دەبێت لەژێر رکێفی ئیسلامدا بێت، تەنانەت خودی «مرۆڤیش» جێگەی رێز و گەورەیی نییە، گەر موسڵمان نەبێت و ئایدۆلۆژیای ئاینی ئیسلام پراکتیزە نەکات.

دواتریش دەپرسین، ئەوە کامە دەوڵەت و جێگەیە، ئاڵێی بەناو ئاینی ئیسلامی تێدا هەڵکراوە و تا مرۆڤایەتی لەسایەیدا بحەسێتەوەوە، ئایا عەرەبستانی سعودیە، یان سودان و ئەفغانستان...؟ بێگومان ئەوەی کە»حەسەن بەننا» و رێکخراوەکەی ئیدعای بۆ دەکات، نە ئەو ولێتانەیە نەخۆی باوەڕی پێیانبووە و گەر بشمایە باوەڕی پێ نەدەکردن...!

بەڵێم ئەو ئاڵێ و نیشتمانەی کەباسیدەکات... ئەو ئاڵێ سپی و نیشتمانەیە کەلەراستیدا یۆتۆپیایە»حەسەن بەننا» پێیوابوو خۆی و هاوکارەکانی کە ئەمە بۆچوونی «سەید قوتب»ی درێژە پێدەری «حەسەن بەننا»یە دەتوانن ئەو کارە ئەنجامبدەن، بەڵێم سەرئەنجام ئەوە جگەلە خەیاڵا بەناواقیعی چی دیکە نەبووە، فکرەکەشی نەزۆك دەرچوو، بەڵکو ئەو فکرەیەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکرد، تەنانەت نەیتوانی لەولێتەکەی خۆیدا(میسر) جێبەجێبکرێت، تاببێتە پرۆژەیەکی(تصدیر(ی، بۆ دەرەوەی بنێرێت، ئەگەر چی هەر لەو کاتەوە هەوڵی ناردنە دەرەوەی ئەم پرۆژەیە دراوە، بەڵێم بێئاکام بووە، دواین ئاکامیش ئەو شکستە سەرتاپاگیرەیەکە ئیسلامی سیاسی لەدوای( ١١ /سێپتمەبەر (توشی هات، بۆیە لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا»ئیخوان موسلیمین»، هیچ دەور و کاریگەریەکیان نییە کەلەبەرچاو بێت، بۆیە دەکرێت بڵێین»سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، دەورانی سست و کێرقی داکشاوی کاری ئیسلامیەکان و ئیخوان بووە، تاگەیشتە کوژرانی «حەسەن بەننا» لەساڵی (١٩٤٩)دا.

بەکوژرانی «حەسەن بەننا» تاماوەیەك «ئیخوان موسلیمین «وەکو کارەکتەری سەرەکی ئیسلامی کەوتە قەیران و تادواجار لەساڵی (١٩٥١)دا «سەید قوتب» پەیوەندی بەئیخوانەوە دەکات و سەردەمی ژیانی خۆی و ئیخوان بەسەردەمێکی زێرین دەزانێت.

دەکرێت توندەرەوی ئیخوان هەر لەسەرەتاوە لەناوخۆدا هەستپێبکەین، تادەگاتە هەوڵی دارشتنی تیرۆری (جەمال عەبدولناسر) لەلایەن ئیخوانەوە، بێگومان سەردەمی «سەید قوتب»، «ئیخوان موسلیمین» دەچێتە قۆناغێکی توندرەوی بێوێنە وە و تادەگاتە دارشتنی تێزی «تەکفیر و جیهاد» دواتریش خستەرووی چەمکی) جاهیلیەت (بۆ بەرامبەر، تادواجار پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت،»کەبەو کۆمەڵگەیانە ناوترێت ئیسلامی، کەشەریعەتی ئیسلام تیایدا حوکم ناکات»، داوای جیهادی دەکرد، لەپێناو بیروباوەڕدا، تەنانەت بەر لەخاك



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

و نیشتمانیش.

بێگومان لێرەدا گەر سەرنجبدەین، دەبینین هەردوو پرۆژی «حەسەن بەننا و سەید قوتب» مەرجەعەکەی ئیخوانە و هەردوولایان جەخت لەسەر) جیهاد، تەکفیر، هێز و توندوتیژی (و ناوبردنی کۆمەڵگەی جاهیلی، هاوران، تەنانەت لای «سەید قوتب» قۆناغەکە لەسەردەمی تاکتیك و کاری سیاسیەوە، پێویست دەکات بەقۆناغی هێز و ململانێی، حوکم دەسەڵێتگرتنە دەست، دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی بۆچوونی «بەننا» تادەگاتە ئەوەی بڵێیت،» بۆئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی سەرکردایەتی مرۆڤایەتی بگرێتە دەست، پێویستە ببێتە خاوەنی دەستکەوتێکی وا، کەدەرفەتی بۆ برەخسێت، پێویستە بۆ لابردنی رێگرییەکانی بەردەم خواپەرستی هێز بەکار بێت»...

لێرەدا مەبەستەکە بەتەواوەتی ئاشکرا دەبێت کەئیخوانەکان دەیانەوێت لەم گەمەیەوە کەبەناوی ئیسلامی سیاسی و سیاسەتەوە، لەپێناو لەژێر ناوی ئاینی ئیسلام و قورئاندا دەستیانداوەتێ، بێنە ناو گەمەی )سیاسەتەوە( تا حوکم بگرنە دەست، یان روونتر دەیانەوێت ببنە خاوەنی تێزێك «هەموو شتێك لەپێناوی دەسەلێتدا» واتا.

«رێکخراوی ئیخوانموسلیمین بەرهەمهێنانی (ئیسلامی سیاسی-ئوسوڵیەت Fundamantalists سەرەتایەك بۆ توندەروی و توندوتیژی هاتنەکایەی گروپی تەکفیری و جاهلیەت)»...

بێگومان ئەم بارودۆخە درێژە دەکێشێ تاشەری عەرەب-ئیسرائیل و شۆرشی گەلانی ئێران، گروپە ئیسلامیەکان، کەوتنە جموجۆڵێکی نوێ.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو فاکتەرە بکەین، کەلەدەرئەنجامی گەشەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و رێکخراوە مارکیستیی و چەپەکان لەسەرتاسەری جیهاندا، گەشەیەکی خێرا و بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بووە خاڵێك بۆ بالێبوون و گەشەی سەر لەنوێی رێکخراوە ئیسلامیەکان و پشتگیری و هاوکاریان لەلایەن ولێتانی سەرمایەداری و بلۆکی خۆرئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا و بەکارهێنانیان وەکو ئەنتی تێزی سۆسیالیزم، خستنەگەریان وەکو کارتێکی گوشار و بەربەستێك لەبەردەم بلۆکی سۆسیالیستیدا، لەمبارەیەوە یارمەتییە زۆر و زەوەندەکانی CIA)) بۆ چەکدارەکانی ئەفغانستان لەکۆتایی دەیەی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ، لەدژی حکومەتە کۆمۆنیستەکەی نەجیب وڵڵێ و دروستکردنی موجاهیدەکان وەکو بەربەستێك لەپێشرەویەکانی سۆڤیەت بۆ دەست بەسەراگرتنی ئاوە گەرمەکان باشترین نمونەیە.

ئیخوان موسلیمین دایەمۆ

ئەمە جگەلەوەی لەزۆربەی ئەو ولێتانەی تریش کەحوکم و دەسەڵێت بەدڵی ئەمریکا نەبووە، وەکو ئەڵتەرناتیڤ قوتکرانەوە و پشتگیریکراون، بۆیە هاوشان لەگەڵا گەشەی فکری مارکسیزم و بزوتنەوەی سۆسیالیستی و چەپ، ریکخراوە ئیسلامیەکانیش بەپاڵپشتی فاکتەری دەرەکی گەشەیانکرد، بەتایبەتی کەبزانین زۆربەی ئەو گروپانەی دامەزراون، یان لەسەر کورسی دەسەڵێت بوون، پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵا سەرانی رێکخراوی «ئیخوان موسلیمین» هەبوو.

جەنگی دووەهەمی کەندا و ئاڵوگۆرە نوێیەکانی جیهان، بەتایبەت یەکێتی شورەوی، فاکتەرێکی تری گەشەی رێکخراوە ئیسلامەکان بووە، تاوەکو خۆیان وەکو ئەڵتەرناتیڤی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزم و مارکسیزم لەپاش جەنگی سارد بخەنەروو، لەژێر پەردەی قورئان و ناوی ئیسلامەوە، تا هەر زوو بانگەشەیان بۆئەوە کرد، کەئەو ئایدۆلۆژیایە تێکشکاوە و هەر لەسەرەتاوە پووچبووە، خۆیان وەکو بەدیل ناساند و کەوتنەخۆ، بێگومان ئەوان هەر زوو کەئەوان لەسایەی قورئاندا کاردەکەن و دەوڵەتێکی ئاوێتە لەدین و دەوڵەت و دژایەتی خۆیان بۆ گشت ئەو چەمکانە دەربری.

لەمبارەشەوە دوو رێگایان گرتەبەر بۆ نفوز و دەسەڵێتی خۆیان، ئەویش یەکەم جەختکردنەوە لەسەر هێز و گەرانەوە بۆ بەرنامەکانی «ئیخوان و حەسەن بەننا» تاگەیشتن بەدەسەڵێت و چەسپاندنی حوکمی قورئان و دواتریش راگەیاندنی جیهاد و توندوتیژی و پەرەپێدان بەتوندرەوی و کاری تیرۆریستی، تا کار گەیشتە ئەوەی لەگەڵا ناوهێنانی تیرۆریزم لەجیهانی نوێیدا، یەکسەر پەنجە بۆ گروپە ئیسلامیەکانی خۆرهەلێت و جیهانی ئیسلامی راکێشرێت و بەئەنجامدەری ئەو کارە تیرۆریستیانە بزانرێت، ئەمەش موبالەغە نییە کەوا سەیربکرێت، گەرچی مێژووی تیرۆر و توندەروی و تەکفیر لەناو گروپە ئیسلامیەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لەسەردەمی خەلافەتەوە تادەگاتە «ئیخوان موسلیمین» و مێژووی نوێ.

ئەم گروپانە لەجەزائیر لەسەردەستی «بزوتنەوەی نەجاتی ئیسلامی» و کورژان و سەربرینی رۆژانەی دەیان کەس بەتەوەر و داس و قەمەوە»ئیخوان موسلیمین» لەمیسر لەناوچەکانی پور سەعید و کوشتارەکانیان، لەئەفغانسان و خولقاندنی رەشترین و جینایەتکارترین کارەساتی مرۆڤایەتی تیرۆریستی دژی ئینسانی، بەدژی گەلانی سیاسی جێهێشتووە و حکومەتە موجاهیدەکان تالیبان و گروپی ئەلقاعیدە رەشترین دۆسیەیان بۆ سەرانی ئەم گروپە ئیسلامیە و

بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی جێهێشتووە و حکومەتە ئیسلامیەکانی سوودانیش بەدژی گەلی مەسیحی باشو ور و قەتڵا و عامەکانی ئەم گەلە و چەندین رێکخراوی تری ئیسلامی لەکشمیر و چەچەنستان و ....هتد، تا ئەم گەرای تیرۆرە لەسەردەستی ئیسلامی، سیاسی ئەوەندە لێمان نزیکدەبێتەوە، کەئیتر هیچ لێلیەك ناهێڵێتەوە لەدۆسیەی کارکردنیان، کارەساتی خێڵی حەمە و پەشێوەیەکانی هەڵەبجە، شاهیدی حاڵن.

دووەم خاڵ و دێویکی فردیارەسانەی ئەهریمەنەکانی گروپە ئیسلامیەکان، کەلەناخدا، هەمان کەس و دەستە و تاقمن، بەڵێم بەرووکەش و فریادرەس و خێرخواز، ئەگەرچی، ئەمە دیاردەیەکە پێدەوترێت»دوو رووی دراوێك»، لێرەوە دروستکردنی رێکخراوە فریاگوزار و خێرخواز هەوڵێکی تری رێکخراوە ئیسلامەکانە، بۆ پەیداکردنی نفوز و دەسەلێت و بەجەماوەری بوون و سود وەرگرتن لەهەژاری و بێ دەرەتانی جەماوەری ولێت و گەرەکە هەژارەنشینەکان و فریودانی خەڵکی بەناوی جۆراوجۆرەوە لەژێر ناوی رێکخراوی خێرخوازدا، رەنگە خۆخزانە نێو گەرەکە هەژارنشیەکانی خەڵکی کوردستان لەسەردەمی گەمارۆی ئابوری، باشترین نمونەی ئەمەبێت، ئیتر لێرەوە ئیسلامیی سیاسی بەدیوەکەی تردا خۆی نمایشیدەکات و دەیەوێت ئەو ئارایە لەخۆی دوربخاتەوە و دابماڵێت، خۆی وەکو میانرەو وریفۆرمسیت و ئیسلاحی نیشانبدات، بێگومان ئەمەش تەواوکراوی هەمان پرۆژەی خاڵی، یەکەمە، ئەگەر چی لەم دوو رێگایەوە توانیان چانسی بالێبوونیان لەکۆمەڵگەکانی جیهانی ئیسلامیدا تارادەیەك بەرنە پێش، بەڵێم هەرگیز نەیانتوانی بەو ئامانجانە بکەن کەدەیانخواست، دیارە ئەوەش هۆکارەکانی روونن کەبۆ؟!، جگەلەوەی وەکو هەندێك لەپسپۆر و شارەزاییان، پێیانوابوو ئیسلامی سیاسی دەتوانێت وەکو جەمسەر و بلۆکێکی نوێ و رەوتێکی نوێ بەئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی کەئیسلام سەرچاوەکەیەتی، بێتە مەیدان و ببێتە ئەلتەرناتیڤی بلۆکی سۆسیالیستی و، لەبەردەم خۆرئاوا و عەلمانییەتەدا بوەستێت، بەڵێم سەرئەنجام ئەم بۆچوونانە نەیانتوانی لەبەر چەوتی کردار و رەفتارەکانی گروپە ئیسلامیەکان لەلایەك و لەبەردەم حەقیقەتی کۆمەڵگەدا ببنە واقیع، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان وەکو چۆن لەرێگای توندوتیژی و کاری تیرۆریستیەوە نەیانتوانی بەمەرامەکانیان بگەن، نەشیانتوانی لەناو گەمەی دیموکراسی و لیبراڵیزمی خۆرئاوایی و مۆدێرنیزم و مەدەنییەت هەڵکەن، وەکو دیاردەی نوێ و جیهانی خۆیان بگونجێنن، بێگومان توشی شکستێکی گەورەبوونەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا باس لەهەڵنەکردنی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی لەگەڵا دیموکراسیدا بکەین، ئەوەش لەراستیدا دەگەرێتەوە بۆ ئەو عەقڵە دۆگما و

سەلەفیەی کەئیسلامی سیاسی پیادەیدەکات لەبەرامبەر دیالۆگ و گفتوگۆ و فەزای دیموکراسیدا، لێرەدا وەکو رامیار دەڵێیت» ئیسلامی سیاسی نەك تاکەکەس وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ و قانونی نابینێت، بەڵکو نکوڵی لەهەموو ئەو گروپانەش ئەکات کەجیاوازن لەدەنگ و ئاوازی ئەو «بێگومان رەوت و گروپە ئیسلامیەکان، هەرگیز ئامادەگی قبولکردنی بەرامبەریان تێدانییە و رەنگە ئەمەش سەرچاوەکەی روون بێت، کەئەم واژەیە هەر لە»سەید قوتب»ەوە دەستپێدەکات، کەدەڵێیت «جگە لەکۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوی دی جاهیلیە»، واتا رەتکردنەوەی گشتیە، بۆیە ئەم جۆرە واژە و رەفتارانە هیچ کات ناتوانن لەگەڵا دیموکراسی هەڵکەن و ببنە بەشێك لەو پرۆژەیە و بەواقیعی لەناوخۆیاندا پراکتیزەی بکەن، لەهیچ کات و شوێنێکدا کەمترین نمونەت بەرچاو ناکەوێت، کەئەو رێکخراوانە پەنایان بۆ دیالۆگ و شێوازی دیموکراسی بردبێت.

گەر لەکاتێکدا بەشێك لەمەفهومی دیموکراسی قبولکردنی یەکتر و لەدەستدانی بەشێك لەئیمتیازەکان بێت، ئەوا هیچ کات و ئیسلامی سیاسی ئامادەگی ئەوەی تێدانییە، بەرامبەرەکەی قبولبکات، چ وەکو تاك kچ وەکو کۆمەڵا و چ وەکو حزب، هیچ کاتیش ئامادەگی تێدا نییە، لەگەڵا پرەنیسپەکانی مۆدێرنە و جیهانی مەدەنییەت و عیلمانییەت گفتوگۆبکات، گەر جاروبار واش نیشانبدا، یان لەبێهێزیەوەیە یان تاکتیکە، چونکە ئەو نەوەکو ئایدۆلۆژیای لەمیتۆد و مانیفێستدا، بروای پێیەتی نەوەکو واقیعیش پێی هەزمدەکرێت، لەمبارەیەوە دەکرێت قسەیەکی «شێخ محەمەد متوەلی شەعراوی» لەساڵی (١٩٨٢) بەنموونە بهێنینەوە کەیەکێکە لەپێشەوایانی ئاینی جەماوەر کەدەڵێت «ئیسلام و دیموکراسی بەیەکەوە هەڵناکەن، شورا مانای سەرکەوتنی زۆرینە نییە...» هەر لەمبارەیەوە «عەلی بن حاج» یەکێك لەرێبەرانی «بەرەی رزگاری ئیسلامی جەزائیر» دەڵێت «دیموکراسی کرۆکێکی یەهودی و مەسیحی هەیە و دەڵێت «دەبێت رێوشوێنی تایبەت بەئیسلام حکومەت لەجێگای دابنرێت»گەر دیقەت بدەین، یەکەمیان پێیوایە ئیسلام ناتوانێت لەگەڵا دیموکراسی هەڵبکات و قبولی زۆرینەیشی نییە، دووەهەمیان پێیوایە دیموکراسی بەهەناردەی ئەوروپا و خۆرئاوا و جولەکە دەزانێت، ئەگەرچی راستیەکەی ئەوان ناتوانن قبولیبکەن و لەناو ئەو گەمەیەدا وازی بکەن، چونکە گەمەکە دەدۆرێنن و دەفەوتێن، بۆیە ئامادە نین بێنە گەمەیەکەوە کەبزانن دەیدۆرێنن، مێژووی کارکردنی ئەم گروپانەش دەریخستوە کەجگە لەتوندوتیژی و رەتکردنەوەی بەرامبەر هیچی تریان لێ چاوەروان ناکرێت، رەنگە تەنها مێژووی حوکمی جەعفەر نومەیری و مەهدی و بەشیر لەسودان و سەرانی تاڵیبان و ئەلقاعیدە لەئەفغانستان بەس



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

بێت بۆ ئەو قسانەی سەرەوە، ئەوە لەکاتێکدا کەمترینیان لەدەسەلێتدان، ئەگەر بێت و زۆرترین بن، بێگومان لەوەش خراپتر دەبن، لە پرسیارێکدا کەلە»مەئمور حەسەن هوزەیبی» دەکرێت سەبارەت بەئەگەری هاتنە سەرکایان بۆ سەر کورسی حوکم، ئایا رێگا بەحزبی کۆمۆنیست و حزبی قبتیەکان دەدەن بۆ کارکردن..؟! لەوەلێمی پرسیارەکە خۆی لادەدا کەدیارە وەلێمەکەی... نایە...!

سەرچاوەکان
١. سید قطب معالم فی طریق.
٢. سیاسەتی دەولەتی ژ(٣-١٩٩٤) جان ئال سپۆریتوو جمیس پریسکاتوری ، ئیسلام و دیموکراسی.
٣. ئیسلامی سیاسی، شوان ئەحمەد،٢٠٠٠.
٤. سەردەم ژ(١٨) ئیسلام و ناسیۆنالیزم ئسولیەت لەجیهانی عەرەبدا، کۆمەلە وتار، د.صادق زیبا، و.محەمەد کەریم.
٥. سەید قوتب و تیۆری تەکفیرکردنی کۆمەلا دەولەت، فەرید ئەسەسەرد.
٦. خصائص التصور الاسلامی، سید قطب،دارالشروق و مقاوماتی، ١٩٨٠.



ئیخوان موسلیمین دایناموی

# ئیسلام و ئەوروپا

## هۆکارەکانی لێکدابڕان و پێکەوەژیان لەناو بیرکردنەوەی هەردووکیاندا

ئاوات محەمەد





یەکێك لەو بوارانەی کێشەمەکێشی لەسەرە مەسەلەی پەیوەندی خۆرهەلێت و خۆرئاوایە، ئەم کێشمەکێشەش لەسەر بنەمای جیاوازی دوو جیهان لەیەکتری دامەزراوە، ئێمە دەزانین تاچ ئەندازەیەك ئەم دوو ژیارە قسە لەسەر یەکتری دەکەن، هەروەها چ ترسێکیان بەرامبەر بەیەکتری هەیە، بەئەندازەیەك کەسیان بێچاودێری ئەویتر، ناتوانێت درێژە بەبوونی خۆی بدات، ترسێکی سەیریان لەبۆچوونەکانی یەکتری هەیە، بەشێوەیەکی دوژمنکارانە تەماشای یەکتری دەکەن، ئەوەتا ئەوروپیەکان لەرێگەی خوێندنەوەی دەوڵەتانی ئیسلامییەوە، هەمیشە هێزە ئاینییەکان وەك هەڕەشەیەکی جدی و وەك بەشێك لەپێکهاتەی ئوسولیی سیاسی تەماشای دنیای ئیسلامی دەکەن، بەئەندازەیەك مەسەلەی ئەنتی ئەوروپا بووەتە حەقیقەتێك لەلای ئەوان، یان باشترە بڵێین ئەنت خۆرئاوا، ئەم حاڵەتە جۆرێك لەفۆبیای دژە ئیسلامی بەدوای خۆیدا هێناوە، کەلەتێزی ململانێی شارستانییەتەکاندا بەئەستەم ئیسلام و خۆرئاوا دەتوانن یەکتر قبول بکەن، کەهەندێك لەسیاستمەدارە گەورەکانی دنیا بەتایبەتی فەرەنسیەکان پێیانوایە ئیسلامی میانرەو بوونی نییە، کەئەمەش وادەکات کەلێنی نێوان ئەم دوو کلتورە قوڵتر بێتەوە و هەڕشەکانی دابڕان بەرفراوانتر بن.

ئەوەی لەبیرکردنەوەی هەردوولادا بەدیدەکرێت ئەوەیە، خۆرئاوا وەك ئەنتی دیموکراتی تەماشای جیهانی ئیسلامی دەکات و هەندێك لەگروپە فەندەمێنتالیستەکان، هەمان تێروانین دوبارە دەسەلمێننەوە، هەمیشە لەگوتاریاندا باس لەوە دەکەن، دیموکراتییەت مۆدێلێکی نەخوازراوی خۆرئاواییە و لەگەڵ بیرکردنەوە و کلتور و ئاینی ئەماندا ناگونجێت، ئەم فکرەی دیموکراتییە لای ئەمان

وەك بانگەشە پۆ دارمانی مۆراڵ و ئەخلاقیاتی كۆمەڵێیەتی تەماشای دەكرێت، ئەم كتیبە هەوڵدەداٚت خوێندنەوەیەك بۆ پەیوەندی ئیسلام بەئەوروپاوە بكاتٍ، كەنوسەر بەشێوەیەكی ئەكادیمیایی هەستاوە بەدارشتی ئەو تێزەی هەوڵی خوێندنەوەی هەردوو ژیاری بۆ یەكتری دەدات، كەچۆن زۆرجار خۆرئاوییەكان نێرسیسیانە قسە لەسەر پەرەسەندن خۆیان و دواكەوتویی ئەوانی تر دەكەن، تەنانەت لەسەر ئاستێ ژیان و چۆنییەتی مامەڵەكردن لەسەر مرۆڤبوونی ئەوان، هەروەها نوسەر هەولی داوە ئاستی كەمبینی زۆرێك لەنوسەرە ئیسلامی و خۆرئاواییەكان، لەبەرمبەر یەكتریدا باسبكات، بەوەی جۆرێك لەبەدحاڵیبوون لەنێوان هەردووكیاندا هەیە بۆ تێگەیشتن لەیەكتری، بەڵێم ناكرێت ئێمە ئەو حەقیقەتەمان لەبیربچێت، خۆرئاوا خاوەنی زۆرێك لەبوارە فكری و فەلسەفییەكانە، بەئەندازەیەك هەست بەجیاوازی و دابران لەنێوان ئێمە و ئەواندا دەكەین، هەر لەبەرئەمەیە ئەوان دەتوانن ئێمە بەشێوەیەكی قوڵتر و فراوانتر بخوێننەوە و لەبواری تایبەتیدا بتوانن سەنتەری لێكۆڵینەوەمان لەسەر دامەزرێنن، ئەمیان مەسەلەیەكە ئاسانٍ نییە ئێمە هەمان كار بكەین، وەك هەندێك لەتیۆرستە ئیسلامییەكان هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵێم ناكرێت ئەوەمان بیربچێت لای ئێمە گەرانەوە بۆ بنەماكانی پێشینە و خوێندنەوەی هەموو واقعی كۆمەڵێیەتی و سیاٚسی و رۆشنبیرمان بەپێی ئەو تێگەیشتنە زۆرجار توشی ئاستەنگی گەورە دێت، نوسەر لەبەشی سێهەمدا باس لەئیسلام و دیموكراتی وەك دوو چەمكی دژ بەیەك دەكات، كەچۆن ئیسلام سیستمێكی گشتگیرە لەرووی سیاسیەوە، ناتوانێت بچێتە ژێر باری تێزی دیموكراتییەتی خۆرئاوایی، بەڵێم بۆخۆشی توانای بەرهەمهێنانی تێزێكی نوێی بۆ سیستمی سیاسی نییە، تەنها بەگەرانەوە بۆ ماكێ خۆی نەبێت و ئوسولیەتییەكی سیاسی بەرهەمبهێنێت، لەزۆر رووەوە لەگەل بیركردنەوە هاوچەرخەكان و بنەما نیودەولەتییەكاندا جیاواز بێت، ئەگەرچی ئێستا لەناو زۆرێك لەولێتە ئیسلامییەكاندا گفتوگۆیەك بەناوی دیموكراتی هەنوكەییەوە هەیە، كەمەبەست لێی دۆزینەوەی شێوازێكە لەمومارەسەكردنی سیاسی، بۆئەوەی لانی كەم لەهەندێك رەخنە جیهانییەكان خۆیان رزگار بكەن، هەروەها مەسەلەیەكی تر هەیە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بكەین، ئەویش هەڵوێستی ئەو رۆشنبیرانەی ولێتانی عەرەبییە، كەئێستا بەناوی لیبرالە نوێیەكانەوە ناسراون، ئەمانە لەدەرەوەی تێزی تەقلیدی بۆ خوێندنەوی ئیسلام، بەدوای ئەڵتەرناتیڤی سیاسیدا دەگەرێن، تاكو لەو رێگەیەوە بوار بۆ مومارەسەی جۆرێك لەسیاسەت خۆش بكەن، لەسیماكانیدا لەو دیموكراتییە دەچێت ئەمرۆ لەخۆرئاوادا مومارەسە دەكرێت، بەڵێم لەگەڵ بوونی هەندێك جیاوازی.

تێزێك هەبوو لەناو جیهانی ئیسلامیدا قسەی لەسەر دەکرا بریتی بوو لەئابوری ئیسلامی، ئەویش لەتافی دوو جەمسەریدا زۆر بەهێز بوو، کەبەبیرکردنەوەی ئەم کەسانە ئابوری ئیسلامی، شێوازێکی نوییە لەئابوری، لەئابوری سەرمایەداری و سۆسیالیستی جیاوازە، بەڵێم لەناو ئەو هەموو پەرەسەندنە تەکنۆلۆژی و ئایدۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەی لەو کاتەدا روویدا، سەرکەوتنی تێزێکی لەو شێوەیە نەیدەتوانی بەرەو رووی ئەو هەموو پەرەسەندنە ببێتەوە، بەتایبەتی لەکۆتایی هەشتاکانەوە تافێکی نوێ لەئابوری هاتە کایەوە، بەناوی جیهانگیرییەوە کەئەستەم بوو بەو بیرکردنەوە تەقلیدیانە بەرەنگاری ببینەوە، بەڵێم ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە زۆر سەرسەختانە ئەیویست لەناو جیهانە نوێیەدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، کەئابوری سۆسیالیستی لەبەرامبەریدا نەیتوانی خۆی رابگرێت، ئەوە بوو لەکەمترین ماوەدا توشی ئەو دارمانە بوو، کەهەموومان لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستدا بینیمان، بەڵێم لایەنگرانی تێزی ئابوری ئیسلامی هەر لەسەر هەمان میتۆد بەردەوام بوون، تاکو زۆرێك لەم ولێتانە توشی گەورەترین قەیرانی ئابوری و سیاسی بوونەوە، بەڵێم لەرووی سیاسیەوە بەهۆی حوکی تۆتالیتاری و دەزگا سەرکوتگەریەکانی خۆیانەوە توانیان هەندێکیان بمێننەوە، بەڵێم ئەم مانەوەیە لەسەر حسابی ماف و ئازادییەکانی هاوولێتیانی ئەو ولێتانە بوو، ئەوەی لەم کتێبەدا جێگەی سەرنجە ئەمانباتەوە بۆ لای ئەو بیرمەندانەی هەولیاندەدا هاولێکچونێك لەنێوان ئیسلام و سۆسیالیزمدا وەك مۆدێلی سیاسی ئەو کاتەدا بکەن، کەئەم مەسەلەیە بۆ ماوەیەکی درێژ جێگەی هەندێك لەرەوتە ئیسلامییەکان بوو، لەنێو هەموو ئەوانەدا کەهەم جێگەی سەرنج و هەم شێوەیەکی کۆمیدی لەخۆگرتبوو ئەو پێشنیار و سەرنجە شێتانە بوو، کەدیکتاتۆرێکی وەك قەزافی دەیدا، بەناوی تیۆرەی سێهەم، کەتیۆرەیەك بوو تەنها لەناو بیرکردنەوەی سەرکردەیەکی وەك ئەودا جێگەی دەبووەوە، وەك چۆن دروستکردنی یەکێتی ئەفریقا و هەموو ئەو بەشدارییە پێکەنیناویانەی لەکۆبوونەکاندا بۆخۆی جگە لەجۆرێك لەگاڵتەجاری هیچی تر نەبوو، ئەم تیۆرەیەشی هەمان رەهەندی لەخۆ گرتوبوو، کەلەگەڵ خۆی هەموو بیرکردنەوەکانی بردە ژێرخاکەوە و هیچی بۆ مومارەسکردن نەمایەوە.

دواتر نوسەر دێتەسەر موسڵمانەکانی ئەوروپا، بەچ شیوەیەك دەتوانن لەگەڵ واقعی تایبەتی خۆیاندا مامەڵە بکەن، بۆ ئەم مەسەلەیە بۆسنە وەك نمونە دەهێنێتەوە، کەچۆن تێزی دوژمنکارانەی یەکتری وایکرد تێزێکی تر بێتە ئاراوە بەناوی ئیسلامی ئەوروپی، کەئەم جۆرە لەئیسلام دەیویست جۆرێکی جیاواز بێت لەو ئیسلامەی ئێمە دەیناسین، واتە نمونەیەك بێت جێگەی قبوڵ بێت، وەك ئەوەی عزەت بیکۆڤیچ لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئیسلام و خۆرهەلێت و

خۆرئاوا باسی لێوە دەکات، بەڵێم ئایا ئەم ئیسلامە دەتوانێت ببێتە نمونەیەکی بەرچاو لەبیرکردنەوەی سەرجەم کۆمەڵگە ئیسلامیەکان؟.

**سەرچاوە:**

خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی ئیسلام و ئەوروپا، ئینگمار کارلسۆن، بۆ کوردی: بورهان عەبدوڵڵێ تۆفیق، چاپ: خانەی وەرگێران، زنجیرەی(١٥٤، چاپی یەکەم،( ٢٠٠٧





ئیخوان موسلیمین داینەمۆ

# پەلاماردانی پیرۆزیەکان وئازادی رادەربڕن لە فیکری ئەوروپیدا

هاشم صاڵح
لەعەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

زۆربەی زۆری بەرپرسان و رۆشنبیرانی ئەوروپا بەبەهانەی ئازادی رۆژنامەوانی و رادەربرین، پاساوی وێنە کاریکاتۆرییەکان دەدەنەوە لەرۆژنامەکانی دانیمارك و شوێنەکانی دیدا، بەڵام هەندێکی دیکەیان لەسەرو هەمووشیانەوە «جاك شیراك»و «دۆمێنیك دۆڤلیبان»ی سەرۆك وەزیران و «نیکۆلا سارکوزی» وەزیری ناوخۆی فەرەنساو سەرەك وەزیرانی دانیمارك، پێیانوایە نابێت لەخۆڕاو زیاد لەپێویست هەستی موسڵمانان بریندار بکرێت.

بەڵام داخۆ هەقیقەتی مەسەلەکە لەکوێدایە؟ ئایا ئازادی رۆژنامەوانی رەهاو بێسنورە؟ یاخود سنورێکی هەیەو نابێت ببەزێنرێت؟

لەراستیدا ئەگەر سەرنج لەمێژووی ئەوروپا بدەین، دەبینین تا ماوەیەك لەمەوبەریش، سزای ئەوانەیداوە کەدەستدرێژییان کردوەتە سەر پیرۆزییەکان. جگە لەدوو وڵات کەئەوانیش ) فەرەنساو بەلجیکا(ن، سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا یاسای ئەوتۆیان هەیە، بۆ بەرگرتن بەهەر هێرش و پەلامارێك بۆ سەر ئاین و پیرۆزییەکانی ئاینی مەسیحی، بەڵام لەئێستادا تەنها لەیەك وڵاتی ئەوروپیدا ئەو یاسایانە کارپێدەکرێت کە وڵاتی یۆنانە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە

بەرهەمهێنانی توندوتیژی

کەمیللەتی یۆنان لەوڵاتانی ئەوروپی زیاتر پابەندی بیروباوەری مەسیحییەتەو لەسەر مەزهەبی ئارسۆ دەکەین. لەم رووەوە یۆنانییەکان زیاتر لەگەلانی خۆرهەڵاتەوە نزیکن تا خۆرئاوا. بۆ نمونە ساڵی(١٩٨٦) ئەڵمانیای خۆرئاوا ) پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵەمانیاکە(، هەولێدا چەند نوسەرێکی مولحید سزابدات، لەسەر سکاڵانامەیەکی کڵێسای کاسۆلیکی، گوایە هێرشیان کردوەتە سەر «مەسیح»و بیروباوەری ئاینی، بەڵام دواجار لەسزادانیان کشایەوە، لەبەرئەوەی کارێکی وا خەسڵەتی سەدەکانی ناوەراست و تایبەتمەندییەکی دادگاکانی پشکنپنەو دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانێك کەبەسەرچووە. واتە سزایەکی لەم جۆرە لەگەل سەردەمێکی مۆدێرندا ناگونجێت.

ساڵی(١٩٣٨) لەئینگلتەرا یاسایەکیان دانا، بۆ سزادانی هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر پیرۆزییەکانی مەسیحییەت مەبەست لەو یاسایەش پارێزگاریکردن بوو لەکڵێسای ئەنگلیکانی، بەتایبەت دوای ئەوەی بەهۆی شۆرشی پیشەسازی و بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونی زانستی و فەلسەفی بەشێوەیەکی بەرفراوان، دیاردەی بێباوەری و ئیلحادی زیادیکرد. لەساڵی(١٩٢٢) کەسێك بەناوی»جۆن ویلیام گۆت» نۆمانگ زیندانی کرا، لەبەرئەوەی»مەسیح»ی بە لێبوك چواندبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەسزادانی ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر پیرۆزییەکان، تا بەراییەکانی سەدەی بیستەمیش بەردەوام بووە(١).

لەسەدەکانی رابردودا کەسێك ئەگەر دەستدرێژی بکردایەتە سەر پیرۆزییەکان، یان دەکوژرا، یاخود زمانیان دەبری، وەك ئەوەی بەسەر «جۆردانۆ برینۆ»ی فەیلەسوفدا هاتk کاتێك گومانی لەپاکیزەیی»مەریەم»و هەندێك لەبیروباوەرەکانی دیکەی مەسیحییەت کرد، واتە لەنێوان سەدەکانی ناوەراست و سەردەمی مۆدێرندا، بەرەو پێشچونێك روویداوە. «جۆردانۆ برینۆ» رێك و راست لەساڵی(١٦٠٠)دا، واتە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا تیرۆرکرا، بەڵام دوای سەردەمی رۆشنگەری، مەحاڵبوو خەڵك لەسەر بیروباوەری ئاینیان بکوژرێن، ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرا، تەنها زیندانیکردنیان بوو، یاخود سزای مادییان دەدان. ئەمەش بۆخۆیپێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی دەگەیاند(٢).

لەفەرەنسا بینیمان چۆن کاسۆلیکە توندرەوەکان لەگەرەکی )سان میچێل( واتە لەناو جەرگەی پاریسدا، سینەمایەکیان گرتێبەردا، وەك نارەزایەتییەك لەدژی فیلمێك بەناوی (أخذ أغراوات المسیح) کەلەدەرهێنانی دەرهێنەری بەناوبانگی ئەمریکایی»مارتن سکۆرسیزی» بوو. ئەمەش ماوەیەك بەر لەئێستا روویدا، واتە لەساڵی(١٩٨٨)دا بوو لەوڵاتێکی زۆر عەلمانی وەك فەرەنساشدا بوو. خۆشبەختانە ئەوکاتەی ئاگر لەسینەماکە بەردرا، ژمارەیەکی کەمی خەڵکی



ئێخوان موسلیمین دایناسۆ

تێدابوو، ئەوانەشی بەرکەوتن، سوتاوییەکەیان سوکبوو.

ئایا بۆچی دەمارگیرە مەسیحییەکان ئەو کارەیان کرد؟ تۆ بڵێی فیلمەکەیان بینیبێ، یاخود ئەو ڕۆمانەیان خوێندبێتەوە کەفیلمەکەی لەسەر دروستکراوە؟ بێگومان نەخێر، بەلام بەرگوێیان کەوتوە کەفیلمەکە باس لەمەسیح دەکات وەك هەر مرۆڤێك نەك وەك خودایەك، ئەمەش تەواو ناکۆکە بەبیروباوەڕی مەسیحی و فێندەمێنتالیستە توندرەوەکان پێیان قبوڵ ناکرێت. باشییەکەی ئەوەیە ئەوانە لەفەرەنسا ژمارەیان زۆر کەمەو مەسیحییە لیبراڵییەکان یاخود ئەقڵانییەکان ژمارەیان زیاترە. ئەمانە بەوپەڕی ئارامی و بێدەنگییەوە ئیمانداری خۆیان دەکەن و هەموو رەخنەیەکیش بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە وەردەگرن.

شایانی باسە «مارتن سکۆرسیزی» مەسیحییە توندرەوەکانی زۆر سەغڵەتکرد، لەبەرئەوەی ئاماژەی بۆ هەندێ لایەنی ژیانی»مەسیح» کردبوو، لەوانەش بۆ نمونە فریودانی سێکسی. سەرەرای ئەوەش «سکۆرسیزی» ئەو دەستەواژەیەی زەقکردبووەوە کە لەدوا ساتەکانی ژیانی بەسەر خاچەکەیەوە دوبارەی دەکاتەوەو دەڵێت: (خودایە بۆ بەتەنها بەجێتهێشتم و بەهانامەوە نەهاتی؟!). ئەمەشیان والێکدایەوە کە «مەسیح» لەدواساتەکانی ژیانیدا کەوتوەتە گومانکردن لەهەقیقەتی پەیامەکەی و ئاواتەخواز بووە ئەو شتانەی نەکردایە کە کردونی، تا بەو سەرەنجامە تراژیدیە نەگەشتایە.

بێگومان ئیماندارە توندرەوەکان قبوڵی ئەم شتانەیان پێناکرێت و بەهەرەشەیەکی دەزانن بۆسەر بیروباوەڕیان لەبەرئەوە کەوتنە رێگەگرتن لەنمایشکردنی فیلمەکە کە لەحەڤدە سینەمای پاریسدا نیشاندەدرا. بەهۆی هەرەشەکانیانەوە، سەرجەم هۆڵی سینەماکان نمایشکردنی فیلمەکەیان راگرت، تەنها دوو هۆڵیان نەبێت. لەراستیدا سوتاندنی سینەمای(سان میچێل) ترسی خستە دڵی هەموانەوە. ئایا دەرهێنەرێك بۆی هەیە تا ئەو ئاستە گومان لە «مەسیح» بکات؟ مافی ئەوەی هەیە وەك مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵدا بکات، مرۆڤێك کەهەست بەحەزو ئارەزووی سێکسی دەکات؟ بۆی هەیە وا نیشانیبدات کەلەدواساتەکانی ژیانیدا پەشیمان بووە لەوەی کردویەتی، لەبەرئەوەی خودا دەستبەرداری بووەو لەخاچدان و لەو سزادانە تاقەت پڕوکێن و بێ ئامانە رزگاری نەکردوە؟

لەوەلامدا رۆشنبیرانی عەلمانی دەڵێن )بەڵێ)، ئیماندارە ئەقڵانییەکانیش دەڵێن: (بۆنا؟)، بەلام ئەمە بۆ ئێمە شتێك نییەو برواو قەناعەتمان لەق ناکات. تەنها فێندەمێنتالیستە دەرمارگیرەکان سەرشێت دەبن و بیر لە بەرپەرچدانەوەی دەستبەجێ و تۆڵەکردنەوە دەکەنەوە. بەمجۆرە دەبینین کاردانەوەکان جیاوازن و وەکییەك نین.

بەهەرحاڵ هاوولێتی ئەوروپی ئەم مەسەلانەی بۆ گرنگ نییەو نایجولێنن، چونکە پەیوەندی بەئاینەوە وەك سەردەمانی سەدەکانی ناوەراست نەماوە. لێرەوە دابرانی راستەقینەی ئەبستمۆلۆژی دروستبوو. واتە هەستی ئاینی لەئەوروپا وەك سەدەکانی ناوەراست نەمایەوە، تا بەخێرایی هەڵبچێ و شێتگیربێ، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئەم دابرانە تەواوی خەڵك و خوای ئەو وڵاتانەی نەگرتەوەو تائێستاش کەمینەیەکی دەمارگیرو توندرەو ماوە کە وەك جاران بیردەکاتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە رێگیری کردنە لەنیشاندانی فیلمەکەی»مارتن سکۆرسیزی» کەبووە مایەی دروستبوونی خۆپیشاندان و ناچارکردنی پیاوانی پۆلیس لەپاریس بەوەی بۆمبی فرمێسك رێژ بەکاربهێنن بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران و...هتد.

راستە بەهۆی ئەوەوە کەس نەکوژرا، بەڵام لانی کەم (دە)کەس بریندار بوو. لەپای ئەمەش رادیۆی فێندەمێنتالیستەکان کەوتە جۆشدانی ئیماندارە کاسۆلیك مەزهەبەکان، بۆئەوەی کورسی و کەلوپەلی ناو هۆڵی ئەو سینەمایانە بشکێنن، کەزاتی ئەوەیانکردوە فیلمەکە نمایش بکەن. راسترەوە پەرگیرەکانی فەرەنساش کەسەر بە «جان ماریلۆپن»ن، ئەوانیش لای خۆیانەوە کەوتنە هەرەشەکردن بەلەت و پەتکردنی شریتی فیلمەکە تا جارێکیتر نیشاندەرێت. راستە خۆپیشاندانی گەورە رووینەدا وەك ئەوەی لەدیمەشق و بەیروت بەرێوەچوو، هەروەها کەسیش پەلاماری باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای نەدا، واتە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتەی زێدیدەرهێنەری فیلمەکەیە، بەڵام هۆڵی ئەو سینەمایانە کەوتنەبەر هەرەشەی ئاشکرا کەبەنیازبوون فیلمەکە نمایش بکەن. شێواندنی وێنەی «مەسیح» بەوەی پەیوەندی سێکسی هەبووە، یان گومانکردن لەوەی قەناعەتی کۆنکرێتی بەپەیامەکەی هەبووبێت، شتێکە بەلای ئسولییەکانەوە قبولکردنی زەحمەتە، چونکە ئەو وێنە باوەی لەسەر «مەسیح» هەیە ئەوەیە کەئەو لەسەروو هەموو ئەو شتانەوەیەو زۆر گەورەترو مەزنتر لەوکارانە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: (ئایا نوسەر یان کاریکاتێریست، یاخود دەرهێنەری سینەمایی، مافی ئەوەی هەیە سوکایەتی بەبروای نەگۆری ئیمانداران بکات؟)، بێگومان نەخێر، بۆیە وێناکردنی کەسایەتی پێغەمبەر بەو شێوە کاریکاتێریە، کارێکی قێزەونەو دەبێت سەرکۆنە بکرێت. هەڵەی گەورەی کاریکاتێریستە دانیمارکییەکان ئەوەبوو، پێیانوابوو خەڵکانی وڵاتانی ئیسلامی هەمان دۆخی مێژووی پێشکەوتو دەژین وەك ئەوروپی و دانیمارکییەکان، واتە ئەوان بێ ئاگابوون لەو جیاوازییە مێژووییەی لەنێوان هۆشیاری ئەو دوو خەڵکەدا هەیە(٣).

زۆربەی زۆری خەلکی ئەوروپا دەتوانن ئەو شتانە بەئاسایی وەرگرن، بەڵام خەڵکانی وڵاتی ئیسلامی ئەوەیان بۆ قوت ناچێت. لەراستیدا «مەسیح»



ئیخوان موسلیمین دایناسۆ

بەفیلمەکەی»سکۆرسیزی« لێکەم نابێت، وەك چۆن پێغەمبەری ئیسلام، هەرگیز ئەو وێنە کاریکاتۆریە ناقۆلایانە کاریتێناکات، چونکە مەزنی هەردووکیان لەئاستێکدایە، ئەو یاریە مندالانەیە لەعەوەیان نایەت. گەر پێغەمبەر شتێك کاری تێبکردایە یان بەهای بەرزی کەمکردایە، ئەوا دەبوو لەپای ئەو شالاوە بێ ئامانەدا دووچاری ئەوە بوایە کەلەسەدەکانی ناوەراستدا رووبەرووی بووەوە، بەلام ئەمە روونەداو هەقیقەتی ئیسلام وەك خۆی مایەوە. خراپترین شێوازێك بۆ بەرگریکردن لەپێغەمبەری ئیسلام، ئەو شێوازەبوو کەلەدیمەشق و بەیروتدا گرتیانەبەر، کاتێك نەك هەر پەلاماری بالوێزخانە بیانییەکانیاندا، بەلکو لەلوبنان هەلیانکوتایە سەر گەرەکی ئەشرەفیە، کەعەرەبە مەسیحییەکانی تێدادەژین!

ئەمە کارێك بوو نەدەبوو رووبدات، لەبەرئەوەی مەسیحیە عەرەبەکان دووجار قوربانی مێژوون، نەك جارێك. ئەمانە لەلایەن راسترەوە توندرەوەکان ئیسرائیل و خۆرئاواوە پەلاماردەدرێن، لەبەرئەوەی دلسۆزن بۆ بنەچەو رەچەلەکی عەرەبییان و پابەندن بەوەوە، لەم لاشەوە راسترەوە توندرەوەکانی عەرەب و فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی دژایەتییان دەکات، چونکە بەسەر شارستانییەتی مۆدێرن و هیومانیزمی گەردوندا کراونەتەوە.

لێرەوە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکانی بەیروت هەلەیەکی گەورەیان کرد، کاتێك رێیان بەکەسانی ئاژاوەگێردا، هێرش بکەنەسەر کلێسای(مارمۆرن) و گەرەکی(ئەشرەفیە) و رەفتار قێزەون بنوێنن، کەسەدەکانی ناوەراست و شەوەزەنگی ئەو قۆناغەمان بیردێتەوە.

بەلام خۆشبەختانە هەلوێستی کەسانی رۆشنگەر یئیسلام و کاردانەوەی رۆشنبیران و پیاوانی بەرپرس، توانیان بەر بەو ئاشوبە بگرن و نەهێلن تەشەنە بسێنێت.

ئەلبەت کارەکە بەمە دوایی نایەت. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەتەواوەتی، بەقسەی خۆش و نییەتی باش ناپێت، بەلکو پێویستی بەبزوتنەوەیەکی رۆشنگەری بەرفراوان هەیە کەتەواوی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی بگرێتەوە، بێگومان رووداني ئەم پرۆسەیەش لەساتەوەختی ئێستادا زۆر دورە. ئەو خۆپیشاندانە توندوتیژیانەی لەزۆربەی زۆری ولاتانی ئیسلامدا بەبەرچاومانەوە روودەدەن، بەلگەی ئەوەن کەجەماوەر هێشتا لەرۆشنگەرییەوە دورە. پێشتر سەرئێشەی زۆرم بۆخۆم دروستکرد کەباسم لەوەدەکرد، نابێت خەلك و خوای ئەورووپی بەخەلك و خوای عەرەبی و ئیسلامی بەراورد بکەین، بەتایبەت لەو مەسەلانەدا کەپەیوەندییان بەباس و خواسی ئاینییەوە هەیە، چونکە هاوولێتی ئەورووپی دەتوانێت شۆخی بەپیاوانی ئاینی و پاپا قەشەکان بکات، بەبێ ئەوەی ئەوە هیچ

کێشەیەك دروست بکات، بەڵام ئەمە بۆچی وایە؟ لەبەرئەوەی ئەوروپییەکان کێشەی خۆیان لەگەڵ فێندەمێنتالیستەکاندا یەکلایی کردوەتەوەو ئەقلیەتی سەدەکانی ناوەراست و ئیمانداری بەشێوە شەرانگێزەکەی، لەفەزای ئەواندا ماوەو ئاوابووە. سەرەڕای ئەوەی لەڕووی مادییەوە تێربوون و بەقۆناغی رەخنەگرتنی بیرورا ئاینییەکاندا گوزەریان کردوەو توانیویانە مەسەلەیەکی دیاریکراو لەنێوان خۆیان و بیروڕای ئاینیدا دابنێن. بەواتایەکی دی توانیویانە بگەنە ئیمانداریەکی لیبراڵی و ئەقڵانی ئازاد، ئەمەش دوای ئەوەی شەڕێکی گەورەو بێئامانیان لەگەڵ خودی خۆیان و میراتییە مێژووییەکاندا دەستپێکرد، بەڵێم شتێکی لەم جۆرە تائێستا لەوڵاتانی ئیسلامدا روویندداوە، ئیتر عەرەبی بێت یان فارسی یاخود تورکی و ئەفغانی و پاکستانی بێت، هەربۆیە خەلکانی لای ئێمە زووبەزوو هەڵدەچن، ئەگەر هاتوو کەسێك قەرەی بیروباوەڕی ئاینیان کەوت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی نوکتەو کاریکاتۆریش بێت!! ئەمە هەلومەرجێکی مێژووییەو لەسەرو توانای هەمووومانەوەیە، کەواتە ناتوانم داوا لەجەماوەرە برسی و نەفامەکەمان بکەین، وەکی جەماوەری ئەوروپی لەکاردانەوەکانیدا بابەتی و ژیاری بێت! ئەمە مەحاڵەو کاری نەکردەیە.

ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم تا پاساوی بدەمەوە، چونکە بەقەد پێویست لای خۆمەوە سەرکۆنەی ئەو کارەم کردوە، تەنها بۆ ئەوە دەڵێم تا تێبگەین لەوەی دەگوزەرێت وەکو ئەوەی»سپینۆزا« باسیدەکات و دەڵێت»مەسەلەکە پەیوەندی بەگریان و پێکەنینەوە نییە، یاخود بەستایشکردن یان سەرکۆنەکردن. بەر لەهەر شتێ مەسەلەکە پەیوەندی بەتێگەیشتنەوە هەیە، تێگەیشتن لەوەی روودەدات و بۆچی بەو جۆرە روودەدات«

دواجار دەڵێم« رەنگە ئەمە بەخێر بگەرێتەوە بەسەرمانداو شتێك هەبێت رووبدات، بەڵام ئەم کەسە لەم جەنجاڵی و بێنە وبەردەدا دیقەتی نەدات و درکی پێنەکات.. یان رەنگە ئەو فێڵی مێژووە بێت کە هیگڵ زۆر باسیلێدەکردو لەئێستادا لەوڵاتانی ئیسلامدا کاری خۆی بکات، لەرێی وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵکی بەرۆمانەکەی سەلمان روشدی لەپێشترو بەو وێنە کاریکاتۆریەکانیش لەئێستادا، بەڵکو رۆژێك بێت ئەمانە موسلمانان وا لێبکەن، پرسیاری جەوهەری لە ستایلی تێگەیشتنیان بکەن بۆ بیروباوەڕی ئاینی. هەندێك جار مێژوو لەبەرترین دەرگاکانییەوە، یان تەنانەت لەدەرگاکانی پشتەوە، بەرەو پێش دەچێت. بەهەرحاڵ مێژوو هەنگاوێك ناچێتەپێش، تەنها لەرێگەی سکانداڵا و ململانێ و شەرو ئاشوبەوە نەبێت، پاشان هەموو ئەمانە درەنگ یان زوو دەبنە مایەی ئەوەی، رووناکی زانستی مێژوویی ئاراستەی بنەما پیرۆزەکانی



ئیخوان موسلیمین داینەمۆ

ئیسلام بکرێت، رێك وەك ئەوەی لەئەوروپادا ئاراستەی بنەما پیرۆزەکانی مەسیحیەکان کرا. ئەمەش مانا بەرفراوانییەکەی رۆشنگەرییە، کەبریتییە لەفۆرمە لەکردنی وێنەیەکی مێژوویی بۆ کەلەپور لەبری ئەو وێنەمیتۆلۆژییەی هەزار ساڵە بیرکردنەوەی داگیرکردوە. ئەم پرۆسەیە بەهەڵهاتنی خۆر دەچێت، خۆرێك کەعەیامێکە لەچاوەروانیدان. بۆ ئەوەی ئەو تەڵزگەیە روونبکەمەوە کەلەئێستادا وڵاتانی ئیسلامی تێکەوتوە، دەڵێم» ساڵی(١٧٦٦) لەفەرەنسا مەسیحییە توندرەوەکان بە بەدترین شێوە دولابار، یان کوشت، هەر لەبەرئەوەی پەیکەرێکی بچکۆلەی مەسیحی شکاندبوو.»

خەڵك لەئاست سزادانی ئەو هەرزەکارەدا کە تەمەنی لەخوار بیست ساڵانەوە بوو، توشی شۆك بوون، چونکە ئەو تاوانەی ئەنجامیدابوو، هەرگیز لەئاست ئەو سزا تۆقێنەرەدا نەبوو کەبۆی دانرابوو، سزاکەی بریتیبوو لەبرینی زمانی و چوار پەلی.

ئەوەی زیاتر کێشەکەی قورسترکرد ئەوبوو، کتێبەکانی»ڤۆڵتێر»یان لەماڵەکەیدا دۆزییەوە. )فەرهەنگی فەلسەفییان) دۆزییەوە، ئەوەش بەس بۆ تەفکیرکردنی ئەو کەسەی پێیان دەوت «فرانسوا دولابار». هەنوکەش لەجیهانی ئیسلامیدا هاوشێوەی ئەوە روودەدات. دانیمارك ئەو وڵاتە بچکۆلەیەی بەیەکێك لەقەشەنگترین وڵاتەکانی جیهان هەژمار دەکرێت، رووبەرووی هێرش و پەلاماردانێکی ترسناك بووەتەوە کەلەمێژوودا نمونەی نییە. ئەوەش هەمووی بەهۆی هەندێ وێنەی کاریکاتۆری ئاست نزمەوە کەرۆژنامەیەك لەرۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بڵاویکردوەتەوەو بەتەنها گوزارشت لەخۆی دەکات، نەك لەتەواوی دانیمارك.

کەچی دەبینین سزادانەکە زۆر لەقەوارەی تاوانەکە گەورەترەو ئەو هەرا نێودەوڵەتییەشی لەسەر ئەم بابەتە دروستبوو، وادەکات نەوەکانی داهاتوو پێمان پێ بکەنن و شۆخیمان پێ بکەن.

ئایا دەشێت کۆمەڵە وێنەیەکی کاریکاتۆری مەترسی بۆ سەر تەواوی ئاینێك دروست بکەن؟ ئەی ئاخۆ بێ متمانەی موسڵمانان بەخۆیان و بیروباوەرەکەیان، گەیشتوەتە ئەم ئاستە؟ پێغەمبەری ئیسلام کەیەکێك لەئاینە گەردونییەکانی بۆ مرۆڤایەتی هێناو ژمارەی شوێنکەوتوانی لانی کەم خۆی لەملیارو نیوێك دەدات، وێنەیەکی کاریکاتۆری ئاست نزم دەتوانێت نێوبانگی بخاتە مەترسییەوە یان شکۆو راستگۆیی خۆی لەدەستبدات؟ ئایا ئەمە بەئەقڵدا دەچێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێت بڵێین جەوهەری راستەقینەی ئەوەی لەئێستادا روودەدات، لەجێیەکدا رەنگە بەخەیاڵدا نەیەت. لەراستیدا موسڵمانان

دەترسن لەوەی لەئەوروپا بەسەر مەسیحییەتدا هات، بەسەر ئیسلامیشدا بێت، واتە مێژوویبوونی ئیسلام و پەیامەکەی ئاشکرابێت!

لەبەرئەوەیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن رێگە بەم گۆرانە مەترسیدارە بگرن، کە درەنگ روودەدات. ریفۆرمی ئاینی و هەروەها رۆشنگەریش روو لەئیسلام دەکات، موسڵمانە فێندەمێنتالیستەکانیش دەیانەوێت نەهێڵن ئەو پرۆسەیە رووبدات، یان لەرێی هەرەشەو گورەشەوە دوای بخەن. ئەوەتا جارێك هەرەشەی کوشتن لە «سەلمان رۆشدی» دەکەن و جارێکی دی دەرهێنەری سینەمایی هۆڵەندی»تیۆڤان کوخ»ینەوەی نیگارکێشی بەناوبانگ «ڤان کوخ» تیرۆردەکەن، یان بەوپەری توندوتیژییەوە خۆپیشاندان لەدژی چەند وێنەیەکی کاریکاتۆری سازدەکەن، کە لەرۆژنامەی وڵاتێکدا بڵاوبووەتەوە لەوپەری دنیادایە. تۆبڵێی هەست بەوەبکەین کەپرۆسەی رەخنەی مێژوویی خەریکە لەکەلەپوریان نزیك دەبێتەوەو رۆژێك دێت وەك مەسیحییەتی ئەوروپی، حەهقیقەتی ئاشکرا دەکات؟

سەیری لێکۆلینەوەکانی تیۆلۆژستی ئەڵمانی»رۆدۆڵف بۆڵتمان» بکەن، دەربارەی»مەسیح»ی مێژوویی و «مەسیح»ی میتۆلۆژی و باسکردنی لەگرنگی هەڵگرتنی ئەو ئەفسانەی بەپیرۆزکردنە لەسەر قۆناغی سەرەتای مەسیحیەت، بۆخاتری ئەوەی هەقیقەتی ببینین، ئەمەش بەمانای شێواندن و بەکەم سەیرکردنی مەسیحییەت نایەت، بەپێچەوانەوە وێنەی مێژوویی»عیسای کوری مەریەم» رەنگە وایلێبکات زۆر زیاتر مرۆڤانەتر بنوێنێ و مەزنتربێت لەو وێنە میتۆلۆژی و موقەدەسەی، ئیماندارانی بەدرێژایی چەندین سەدە بۆیان دروستکردبوو. دەکرێت هەمان شتیش دەربارەی»محەمەد د.خ»و قورئانیش بڵێین، چونکە وێنەی مێژوویی پێغەمبەری ئیسلام تا ئێستا، بووە بەژێر داروپەردوی ئەو وێنە ئەفسانەییەوە کە کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر لە «ئیبن ئیسحاق»و «ئیبن هشام»ەوە، نیشانیانداوە، بۆیە کارێکی ئاسان نیپە بتوانین بگەینە «محەمەد»ی مێژوویی و هۆردوی فێندەمێنتالیستەکانیش ناهێڵن بەئاسانی بگەین بەوە. ئەم قسانە بۆ قورئانیش راستە. گومانی تێدانییە کەرۆژێك دێت وێنەی مێژوویی چۆنییەتی کۆکردنەوە قورئانمان لەسەرەتاکانیدا بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەمەش ئەو شتەیە کەفێندەمێنتالیستەکان رۆحیان لێیچووەو ئاواتەخوازن بمرن و ئەو چرکەساتە نەبینن، هەربۆیە دەکوژن و پەلاماردەدەن و سەرشێت دەبن کەدەبیستن توێژینەوەی مێژوویی خەریکە لەزۆنی هەقیقەتە پیرۆزەکان نزیك دەبێتەوە. بۆ نمونە بروانە هێرش و پەلامارە بێئامانەکانیان بۆسەر خۆرهەڵاتناسە مەزنەکان.

ئێمە دەبێت لەم ئاستەداو بەو قوڵییە سەیری مەسەلەکان بکەین، بۆ ئەوەی بزانین لەئێستادا چیدەگوزەرێت. ڕۆژێك دێت تێکرای کەلەپوری عەرەبی ئیسلامی شەن و کەو دەکرێت و بژارێکی باشدەکرێت، بۆئەوەی لەدەست بیروباوەڕی ئوسوڵی دۆگما قوتارمان بێت و بگەینە بیروباوەڕێکی ئازادو کراوەو ئەقڵانی. وا خەریکە موسڵمانان لەئان و ساتی ئیستیحقاقاتە مێژووییە گەورەکان نزیك دەبنەوە. تانزیکیش ببنەوە لێی، نیگەرانی و تورەییان زیاتر دەبێت. ئەمەش بۆخۆی کارێکی سروشتییەو نابێت زۆر بەلامانەوە سەیربێت ، یاخود توشی شۆکمان بکات، چونکە مرۆڤێك کەدووچاری هەندێ گرێی دەرونی دیاریکراو بوویێت، نابێت هەقیقەتی خۆی نیشانبدەیت، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی تەواوی ژیانی خۆی لەسەر شاردنەوەو پەردەپۆشکردنی ئەو گرێیانە بیناکردوە. لێرەوە موسڵمانە تەقلیدییەکان نایانەوێت کەس بگەڕێتەوە بۆ بنج و بناوان، تا بزانین بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی مێژوویی ئیسلام چۆن هاتوو چۆن دروستبوو؟ لەسەر دەستی کێ هاتەئاراو لەچ سیاقێکی مێژوویی و سیاسیدا بوو؟ چونکە ئەوان دەخوازن بۆ هەتاهەتایە لەسەر ئەو وێنە میتۆلۆژیە مسیالیە بژین، کەلەسەر خۆیان و کەلەپورەکەیان دروستیان کردوە، لەدێرزەمانەوە تا ئەمرۆ.



مرۆڤ حەز بەوە ناکات تەم و غوبارو وەهمی سەر رووی مندالی و باب و باپیرانی بسرێت، بەڵکو دەیەوێت وێنەیەکی فریشتەئاسا ببەخشێتە خۆی و لەبەرامبەریشدا وێنەی ئەهریمەن بداتە ئەوانی دی. بروانە فێندەمێنتالیزمێکی ئیسلامی چۆن چۆنی، سەیری شوێنکەوتوانی ئاینەکانی دیکەی وەك جولەکەو مەسیحی دەکەن.

دەکرێت هەمان شتیش دەربارەی فێندەمێنتالیستێکی جولەکەو مەسیحیش بڵێین. هەریەك لەمانە دیلی کۆمەڵە بیروباوەڕێکی دۆگی و رەهان کەمل بەهیچ جۆرە پێداچونەوەو رەخنەو هەڵوەشاندنێك نادەن.

بەلام ئێمە دەزانین کەئەم جۆرە خواپەرستیەی سەدەکانی ناوەراست، بوەتە بار بەسەر شانی موسڵمانانەوەو بار گرانیشە بۆ ئەوانی دیکەش، لەبەرئەوەی دینداریەکی لەم جۆرە بەشێوەیەکی زۆر ترسناك بەر لۆژیکی سەردەم و تێکرای شارستانییەتەکانی دی دەکەوێت بەبێ جیاوازی. ئەو قسەیە لەجێی خۆیدایە کەدەلێت» نابێت داوا لەهەموو دنیا بکرێت بگۆرێت، تاخۆی لەگەل ئیسلامدا بگونجێنێت، بەڵکو دەبێت ئیسلام خۆی بگۆرێت تا لەگەل دنیادا هەڵبکات».

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەدرەنگ یان زوو ریفۆرمی ئاینی دەس پێدەکات و خۆی بەسەر ئیسلامدا فەرز دەکات، ئیتر کۆنسێرڤاتیڤە کە لە رەقەکان یان نا! لەم پرۆسەیەدا چەندیتر تیادەچێ و چەند رۆشنپیری دی لەو رێگەیەدا گیان دەدەن، بەرلەوەی ئەم ریفۆرمە ئاینییە مەزنە گەلالە بێت و ببێتە راستییەکی



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

حاشا هەڵنەگر؟

ئیسلام کەوتوەتە قەیرانێکی قوڵەوە لەگەڵ خۆیداو بەر لەچارەسەرکردنیشی، جیهان لەگەڵ خۆیدا دێنێتە لەرزە. دواجار ئایا ئەوە راستە کەیەك موسلمان نەیەتەسەر شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان لەدژی تەقینەوەکانی نیویۆرك و دورگەکانی بالی و مەدرپدو لەندەن و شەرم شێخ و عەممان..؟

ئایا راستە تاقە موسلمانێك نەیەتەسەر شەقام و خۆپیشاندان بکات لەدژی فراندن و بەبارمتەگرتنی رۆژنامەنوسانی بیانی لەعێراق و سەربرینیان لەپشتی مڵەوە، بەناوی پێغەمبەرو ئیسلام و لەبەردەم کامێراکانی سەرجەم جیهاندا؟ ئەبێت هەڵوێستی جیهان لەدوای هەموو ئەمانە چیبێت، لەخۆمان و لەکەلەپوری ئیسلامی؟ دەبێت چیمان پێبلێن و بۆچوونیان چیبێت لەسەرمان؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە جێدێلم بۆ خوێنەران.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

١- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سزادانی ئەو کەسانەی هێرش دەکەنە سەر پیرۆزییەکان لەئەوروپا، بروانە ئەم سەرچاوەیە:

Alain cabantous: Histoire du blasph eme en occident .Albin .١٩٩٨ .Michel

٢- سەبارەت بەفەرەنسا دەبینین کەلەوڵاتانی دیزۆر زیاتر ئازادی رەخنەگرتنی لەبیروباوەری ئاینی تێدایە. شایەنی باسە ئەوە شۆرشی فەرەنسی بوو کەدوو سەدە بەر لەئێستا یاسای سزادان و سوکایەتیکردن و پەلاماردانی پیرۆزییە ئاینییەکانی لابرد. ئەم هەنگاوە زیاتر چەسپی دوای ئەوەی ساڵی(١٩٠٥) ئاین لەدەوڵەت جیاکرایەوە. لەفەرەنسا ئازادیەکی تەواو هەیە بۆ رەخنەگرتن لەئاین و بیروباوەری ئاینی و تەنانەت گاڵتەکردن بەپاپاو خودی»مەسیح« خۆشی، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، بەبێ ئەوەی ئەو کارانە هیچ کێشەو گرفتێك بنێتەوە، تەنانەت توێژە کاسۆلیکیە ئیمانداراەکەی ناو فەرەنساش، بەئاسایی ئەو شتانە وەردەگرێت، چونکە ئازادی بیرورا ) بەتایبەت بێ باوەری(، یاساکانی ناو کۆمەڵگەی فەرەنسی پارێزگاریلێدەکەن و بەمافێکی مەدەنیی دەزانن، پاشانیش خەڵك گۆراوەو بەرەوپێش چووەو ئەو مەسەلانە ئاسایی وەردەگرن، بەڵێم لەگەڵ ئەوەشدا رووداوی وەك ئەوەی فیلمەکەی»مارتن سکۆرسیزی«یش روودەدات کەرووداوێکی کەم و دەگمەنە. هۆکارەکەشی ئەو ژمارە کاسۆلیکە توندرەوە کەمەن کەقورساییەکی ئەوتۆیان لەکۆمەڵگەدا هەیە، بەراورد بەمەسیحییە تۆلێرانس و لیبرالیەکان، سەرەرای بێباوەرەکان کەزۆرینەی کۆمەڵگە پێکدێنن.

٣-سەبارەت بەهێرشکردنە سەر پیرۆزییەکان و شۆخی پێکردنیان، یان کردنیان بە کاریکاتۆر، جیاوازییەکی مێژوویی هەیە کەدەکرێت بە سێسەدە مەزەندە بکرێت.

مەسیحییەکانی ئەوروپا وەکو لەسەرەتای ئەم نوسینەدا باسمانکرد، سزای توندی هەر کەسێکیان دەدا رێگەی بەخۆی بدایە بەئاشکرا گاڵتە بەپیرۆزییەکان بکات و رەخنەیان لێبگرێت، بەڵام لەئێستادا گرنگیبەو مەسەلەیە نادەنو پێیانوایە بەسەرچووە.

**سەرچاوە:**

هاشم صالح: الیَنسداد التاریخي، دار الساقي، بیروت_ الطبعة الیَولي، ٢٠٠٧.

# بەهاری عەرەبی و تارماییەکان ئیخوان موسلمین

**هاشم سالح**
**لەعەرببییەوە: شوان ئەحمەد**

«مشاری ئەلزایژی» هاوکارم لێرەداو لەم رۆژنامەیەدا بەتایبەت، باسی لە بەهاری ئیخوانی کردبوو لەبری بەهاری عەرەبی. من بۆخۆم پێموایە تارادەیەکی زۆر راستی پێکاوە، چونکە دوای سەرکەوتنی ئیخوان لە تونس لە میسریش سەرکەوتن و، لە لیبیاش بەمسۆگەری دەیبەنەوە، دواتریش لەوانەیە لە شوێنەکانی دیکەش هەمان شت دوبارەبێتەوە، ئەم هەموو سەرکەوتنانەی ئیخوان بۆچی؟ لەکاتێکدا ئەوان دەستیان لە بەرپاکردنی شۆرشەکاندا نەبوو، بەڵکو ئەو گەنجانە کردیان کە لەمۆدێرنەو نوێبوونەوەوە نزیک بوون؟ ئیخوان چۆن هەر بەتەریی بەروبوومی بەهاری عەرەبییان چنییەوە؟ ئەم خەڵاتەیان لە ئاسمانەوە چۆن بۆ هاتەخوارێ؟

«سپییۆزا»ی فەیلەسوف دەیوت(مەسەلەکە ئەوەنییە بگرین یان بخەنین، بەڵکو ئەوەیە تێبگەین»هیگل»ی فەیلەسوفیش دەیوت: (هەرچی واقعی بێت، ئەقڵانییە). کەواتە روداوێکی گرنگی لەم جۆرە ناشێت هەرەمەکی و هەوانتەبێت، بەڵکو دەبێت هۆکارگەلێکی بابەتی لەپشتەوەبێت.. لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکەین.

یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە مەڵبەندی یەکەمین سەرهەڵدانی شۆرش و راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبیدا کە تونسە، زۆرینەی کورسیەکان بۆ (ئیخوان)

ئیخوان موسلیمین داینەمۆی

بوو، که بزوتنەوەکەیان ناوەناوە (نةهزة)، بەڵێم ئاخۆ سەرانی ئەمڕۆی (نةهزة) هەر هەمان سەرکردەکانی دوێنێ بزوتنەوەی (تەوحیدی ئیسلامی)ن؟ ئایا بەدرێژایی سی ساڵ لە خەبات و نەهامەتی و گوزەران لە وڵاتانی دیموکراسی ئەوروپیدا، نەگۆڕاون؟ ئایا سەیرێ چواردەوری خۆیان نەکردوە تابیینن چۆن چۆنی لە ئینگلتەراو فەرەنساو ئەڵمانیادا حوکمرانی دیموکراسی دەکرێت؟ بە ئەقلدا دەچێت هیچ سودێکیان لە ئەزمون و تێکەڵبوونیان بە کلتوری دیکە نەبینیبێ؟

سەبارەت بەتونس، کەم تا زۆر هەموولایەك گەشبینن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بزاوتی ئیسلامی لەوێ توندرەو بگرە تیرۆرستیش نەبووە، بەتایبەت لە هەشتاکانی سەدەی رابردودا، بەڵام دوای ئەوە گۆڕان و بەرەوپێشچوون و رۆشنفکربوون. کێ لەئێمە نەگۆڕاو تازەنەبووەوە، دوای کۆچکردنی بۆ وڵاتانی پێشکەوتوی ئەوروپاو ژیانکردن لەوێدا بۆ چەند ساڵێك؟

کەواتە دژایەتیکردنی ئیخوانەکان لە رابردوداو لەوانەش ئیخوانەکانی تونس، کارێکی رەوابوو، پاساوی خۆشی هەبوو، لەبەرئەوە دەمارگیرو توندرەوبوون و دژایەتی دیموکراسی و تێکرای بەهاکانی سەردەمی مۆدێرنەیان دەکرد، بەڵێم بۆچی دەبێت لە ئێستادا دژایەتی بکرێن، ئەگەر گۆڕابن و بەهاکانی مۆدێرنەیان قبوڵبێت و دان بەفرەیی و پلۆرالیستیدا بنێن و دەستبەرداری توندوتیژی بووبن و دیموکراسیان کردبێتە بەرنامەو دەوڵەتی مەدەنیش ئامانجیان بێت؟

ئەو ململانێ دژوارو پڕ نەهامەتیەی نێوان ئیخوان و لیبراڵە عەرەبەکان، بەدرێژایی پەنجا ساڵی رابردو، خێری بۆ هەردوولایان تێدابوو، سەرەڕای هەموو ئەو تیرۆرو کوشت و برەی لە هەردوولاوە روویدا.

دەبێ ئەوە بزانین کە بزاوتی ئیخوان موسلمین پێشترو لەلایەن ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئایدیۆلۆژیای سۆیالستی و جیهانی سێهەمەوە کە دژ بە ئیمپریالیزم و کۆلۆنالیزم بوون، چەوسێنراوەتەوەو سەرکوتکراوە. لە رابردودا ئیخوان وەك تابورێ پێنجەم سەیرکراوە کەدەستی لەگەڵ کۆنەپەرستانی عەرەب و خۆرئاوادا تێکەڵبووە.

هەنوکە مێژوو تۆڵەی خۆی دەکاتەوەو ئیخوان بەوپەڕی هێزو شکۆوە دەگەڕێتەوە ناوکایەکە. ئەمەش دوای ئەوەی ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنەو نەتەوایەتی و سوسیالیزم راستگۆیی خۆیان لەدەستداو کەس باوەڕیان پێناکات، هۆکارەکەشی ستەم و گەندەڵی رژێمە دیکتاتۆریەکانە کە گوفتارو کرداریان ئاسمان و رێسمان لێکەوە دورن.

سەیری دۆخی ناهەمواری پارتە ناسیۆنالیستە عەرەبیەکان بکە (چ بەعس چ ناسری) هەروەها بڕوانە پارتە مارکسی و کۆمۆنیستەکان. ئەوانیش لەدوای



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

لەبەریەك هەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت و دارمانی دیواری بەرلین و گرتنەبەری نمونەی دیموکراسی خۆرئاوایی لەلایەن ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە، راستگۆییان لەدەستداو متمانەیان نەما.

کەواتە لەوەها بارودۆخێکدا دەنگدەری عەرەب یان موسڵمان دەنگ بەکێ بدات؟ لەکاتێکدا لە گۆرەپانەکەدا تەنها رێکخراوە ئاینییەکان ماون. دەنگدەری ئێمە هیچ چارەیەکی نەماوە، جگە لەوەی دەنگ بەو ئایدیۆلۆژیایە بدات، کە بەقولی بەناو شوناس و مێژوویدا رۆچووەو زۆر لە قەناعەت و بیروبۆچوونییەوە نزیکە.

لەبەرئەوەیە ئیخوانەکان لەهەموو جێیەك هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە، وەك چۆن پێشتر بزاوتە شیعەکان لە ئێران و عێراق بردیانەوە، بێگومان مایەی شەرم و خەجاڵەتیە رۆشنبیری نوێی عەرەب بەم هەلومەرجە دەچلەکێ و بەلایەوە سەیربێت. بۆچی وادەڵێم؟ لەبەرئەوەی دەچلەکێن بەڵگەی ئەوەیە، کە چەند بێئاگایە لەواقیعی خۆی و لەسەنگ و قورسایی مێژووی کەلەپوری ئاینی.

ئەوە بۆچوونێکی ساویلکانەبوو پێیوابوو ئەو گەنجە لیبرالانەی شۆرشیانکرد لەتونس و میسر، بەروبوومی شۆرشەکە ئەوان دەیچننەوە. واقیعی حاڵ دەیسەلمێنێ ئیسلامیەکان بەهێزترن و جەماوەریان زیاترە. ئەوان پەنا بەهێزو دەسەڵاتی خوا دەگرن و ئەمەش دڵنیایی بەخەڵك دەداو دەتوانن لە هەر مێزگردێکی تەلەفزیۆنیدا لیبرالیەکان بێدەنگ بکەن، بەرلەوەی ورتە بکەن و دەمیان بکەنەوە. هێندە بەسە کارەکتەرێکی ئیخوان دەمبکاتەوەو بیسمیلا بکات، بۆئەوەی کۆنترۆڵ بکات و بێدەنگت بکات، بەڵێم تۆ قسەکانت بە بیسمیلا دەست پێناکەیت، لەترسی ئەوەی پێت نەڵێن کۆنەپەرست یان دواکەوتویت!..

ئیخوانەکان و ئیسلامیەکان بەگشتی هەمان ئەو فەرهەنگی زاراوە ئاینییە بەکاردێنن ، کەسەدان ساڵە خەڵك و خوا بەکاریدێنن و بەتەقدیسەوە سەیری دەکەن. هاوکات ئیخوانەکان خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئابوری پێشکەش بەچین و توێژە هەژارەکان دەکەن، ئەویش بەهۆی ئەو پارە بێشومارەی لەهەندێ لە ولاتانەوە پێیان دەگات، بەڵێم ئاخۆ خۆرئاوا بەیەك فلس کۆمەکی بە پارتە عەلمانییەکانی تونس کردوە؟ ئایا ئێمە کەلافی لیبرالیزم و عەلمانییەت لێدەدەین، بەناخی گەل و نەتەوەکانی خۆمان ئاشناین؟ ئایا لە خۆمان دەبورین و دادەبەزینە ئاستی ئەوان؟ ئێمە خۆمان بەگەورەتر دەزانین و خەریکی ریزکردنی ئەو تیۆریا فەلسەفیە ئاڵۆزانەین کە خۆشمان سەری لێدەرناکەین! ئیخوان ساڵانێکی زۆر لەرێی تیرۆرو توندوتیژی و غافلکوژیەوە، لەهەوڵی ئەوەدابوون



ئیخوان موسلیمین داینەمۆ

بگەنە دەسەڵات، کەچی وا لە ئێستاداو لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە، کورسی حوکمرانی هاتە بەردەستیان!.. ئایا دوای ئەمە نابنە دیموکراسی؟ عەشقی دیموکراسی نابن و نابێتە دڵخوازیان؟ ئیدی دیموکراسی تەکفیر ناکەن و پەلاماری نادەن و ناڵێن ئەمە داهێنراوی خۆرئاوای گومرایە؟

دیموکراسی ئاوایە (تیرێکی دوودەمە)، جار هەیە بۆتۆیەو جار هەیە لەدژتە. چەند سەختە دەستبەرداری دەسەڵات بیت، دوای ئەوەی چەشەتکرد!

بابیبنین بزانین لە هەڵبژاردنی داهاتوودا چی ڕوودەدات؟ گەر هاتوو دۆڕاندیان. بزانین بوونەتە دیموکراسی ڕاستەقینەو ئامادەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتن، یاخود پەنادەبەنە بەر هەڕەشەو چاوسورکردنەوەی ئاشکراو نهێنی، بۆئەوەی دەسەڵاتیان لەدەست نەچێت.

لەهەموو حاڵەتێکدا نابێت وەك بەتەواوەتی کۆنترۆڵی شانۆی سیاسی بکەن، ئەمە مەترسیەکی گەورەیەو پێویستە وریاببین، چونکە لەوانەیە ببێتە مایەی تۆتالیتاریەتێکی تیۆلۆژی و ببێتە ئەڵتەرناتیڤی تۆتالیتاریەتی عەلمانی ئەو ڕژێم و دەسەڵاتانەی سەرەونگوم بوون.

دوای هەموو ئەم ئەزمونە دیموکراسیە قەشەنگانە، ئایدیای حاکمیەت یان تیۆریای ویلایەتی فەقیە چی بەسەردێت؟ ئایا ئیسلامیەکان دەستبەرداری نابن و فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن پەسەند ناکەن، ئەو فەلسەفەیەی دەڵێت»میللەت بەدەنگدانی ئازادی خۆی سەرچاوەی سەرووەری باڵاو مەشروعیەتی هەموو دەسەڵات و حوکمرانییەکە»؟

ئەزمونی هەڵبژاردن و دیموکراسی کاریگەری زۆر جێدێڵێت. واقعی ڕۆژانە فیکریش دەگۆڕێت، واتە هەر بەتەنها فیکر واقیع ناگۆڕێت و کاریگەری لەسەر جێناهێڵێت. دیاڵەکتیکێکی داهێنەرانە هەیە کە فیکرو واقیع پێکەوە دەبەستێتەوە.

دواجار دەڵێم»ئەو قسانەی پێشوم بەومانایە نییە پێموابێت، ئەم قۆناغەی ئیخوان موسلمین کۆتایی مێژوو بێت. ئەوەی هەنوکە دەیگوزەرێنین بریتیە لە قۆناغێکی ئینتیقالی، بەرلەوەی میللەت هۆشیاربێتەوەو لێکدانەوەی ڕۆشنگەرانە بۆ ئاین بەسەر لێکدانەوەی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستدا سەرکەوێت. ئەوکات خۆری ئازادی هەڵدێت و هەرکەسەو قسەی خۆی دەبێت».

**سەرچاوە:**

شرق الاوسط، ئەیلولی ٢٠١١.



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

# مێژووی ئیسلامگەرایی هاوچەرخ



مەجید موورادی رۆدپشتی
وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

## * لە بانگەوازەوە بۆ توندوتیژی

چەمکی ئیسلامی سیاسی نزیکەی سێ دەیە لەمەوپێش، بوو بە زاراوەیەکی باوی نێو میدیا نێودەولەتییەکان. هەندێکجار ئەم چەمکە، بۆ ئیسلامی بە سیاسیکراو، یاخود شرۆڤەی سیاسی بۆ ئیسلام بەکاردەهێنرێت و وای وێنا دەکەن، کە ئیسلام لە بنچینەدا سیاسی نییە و رەهەندی سیاسی بەسەردا سەپێنراوە.

لەم وتارەدا بواری باسکردنی ئەم دەنگۆیە و شرۆڤەی فاکتەر و پاڵنەرەکانی فۆرمەڵەبوون و بەرزبوونەوەی ئەم پرۆسەیەمان نییە.... خەسڵەتی سەرەکی ئیسلامی سیاسی، بانگەواز بۆئەوە دەکات، کە ئیسلام خاوەنی مۆدیلێکی حکومڕانییە و زۆرینەی ئەرکە ئیسلامییەکان لەژێر سایەی حکومڕانی و حکومەتدا نەبێ پیادە ناکرێن. بەپێی ئەم پێناسە بۆ ئیسلامی سیاسی، ئەم وتارەی ئێستا دەیەوێ خوێندنەوەیەك بۆ پرۆسەی وەرچەرخانی رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە جیهانی عەرەب لە میانڕەویی و نەرمونیانییەوە بەرەو توندڕەویی و رەقی و توندوتیژی بکات، بە لق وپۆکانی ئیسلامی سیاسیشەوە لە هەموو وڵێتانی ئیسلامی کە لە مالیزیا و ئەندەنوسیاوە، تا دەگاتە ئێران و ئاسیای ناوەڕاست، پەرەیانسەندوە. ئەم وتارەش تەنها جیهانی عەرەب شرۆڤە دەکات، بۆ دۆزینەوەی رەگوریشە هزرییەکانی ئیسلامییە عەرەبەکان، ئاورێك لە نیمچە قارەی هیندستان دەدەینەوە.

ئێخوان موسلیمین داینەمۆ

هێرشی ناپلیۆن پۆناپەرت لە ساڵی ((١٧٩٨ز بۆسەر میسر، وەرزێکی نوێی دیدوبۆچوونە هزریی- سیاسییەکانی ئیسلامی بەدواوە بوو. هێرشی ناپلیۆن شۆکێکی مەزن بوو کە موسڵمانانی داچڵەکاند و خستنییە دۆخی بیرکردنەوەوە.

شەکیب ئەرسەلان ١٨٦٩)ز ١٩٤٦ز) ئەم پرسیارە گرنگەی خستەڕوو دواتر بووە ناونیشانی یەکێك لە کتێبەکانیشی بۆچی موسڵمانان پاشکەوتن و ئەوانیتر پێشکەوتن؟.

شەکیب ئەرسەلان فاکتەری دواکەوتویی موسڵمانانی گێرایەوە بۆ نەبوونی بەرنامەیەك، لەپێناو خەبات و نەبوونی ئیرادەی پێویست بۆ وەدیهێنانی ئەو بەرنامەیە. بە بۆچوونی ئەو، پرۆژەی مەزنی عەرەب و موسڵمانان خودی ئیسلامە بە هەموو رەهەندە ئایدۆلۆژی، شارستانی، کۆمەڵێیەتی و سیاسییەکەیەوە.

وردە وردە موسڵمانان بە بەراوردکردنی دۆخ و هەلومەرجی خۆیان لەگەڵ خۆرئاوادا، گەیشتنە ئەم دەرەنجامەی کە بە راستی دووچاری پاشەکشە هاتوون. بەراوردکارییەکان هەمیشە چارەنوسسازن، لەوەش گرنگتر پەیبردن بە گیرۆدەبوونی پاشکەوتویی و ئاوابوونیان، دەیتوانی ببێتە باشترین سەکۆ بۆ هەنگاونان بەرەو دۆخێکی ویستراو، بەڵێم پەراگەندەیی و ململانێی مۆدیلەکان، ئەنجامێکی دیکەی بۆ جیهانی ئیسلام هێنایەئارا.

یەکەمین نەوە کە پەی بە پاشەکشەی جیهانی ئیسلام برد، شوێنکەوتنی رێگای خۆرائاوا بوو لە پێشکەوتندا، کە وەدەستهێنانی زانست و تەکنۆلۆژیا بوو، بەو چەشنە رێگایان بەرەو دەرەوە دۆزییەوە، بەڵێم نەوەی دووەم کە پێشرەوەکەیان سەید جەمالەدینی ئەسەد ئابادی بوو، لەو بڕوایەدابوو یەکگرتنی جیهانی ئیسلام و نۆژەنکردنەوەی پێکهاتەی جیهانی ئیسلام بە رۆحێکی تازە و راوەستان لەهەمبەر ئیمپریالیزمی خۆرئاوا و هەوڵدان لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا، بریتین لە رێگاکانی دەربازبوون لەو پاشەکشەیە. سەید جەمال یەکەمین کەسە کە رابوونی سیاسیانەی خۆرهەڵێتی لە هەمبەر خۆرئاوادا فۆرمەڵە کرد، داوای لە سەرجەم میللەتانی ئیسلامی کرد، تا لە ئاقاری بەگژداچوونەوەی دەسەڵێتخوازیی خۆرئاوادا هەنگاو بنێن. بەمپێیە دەشێ سەید جەمال بە یەکەم بانگخوازی ئیسلامی سیاسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دابنرێت.

ئیقبال لاهوری لەو بڕوایەدایە سەید جەمال مەزنترین بیرمەندی ئاینییە، کە بانگەوازی رابوون و هەستانەوەی ئیسلامی و دیموکراسی لە جیهانی نوێی ئیسلام و بەگژداچوونەوەی ئیمپریالیزمی کردوە.

سەید جەمال پێیوابوو گەرانەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی ئیسلام و زیندوکردنەوەی ئەقڵێنییەت و خۆئامادەباش کردن بە زانستی نوێی و کردنەوەی دەروازەی ئیجتیهاد و وازهێنان لە چەقبەستن و لاسایکردنەوەو



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

پاراستنی ئاین لە بیدعە و خورافات، هەلومەرجێکی پێویست لەپێناو وەدیهێنانی ئەو رابوونەدا فەراهەمدەکات. هزری سەید جەمالی میسری بلێو دەکردەوە، بۆ سەرجەم ولێتانی خۆرهەلێت و خۆرئاوای جیهانی ئیسلامی گواستەوەو بووە دەستمایەی زۆرینەی بزوتنەوە سیاسییە ئیسلامییەکان.

دوای سەید جەمال دیارترین فێرخوازی خوێندنگە فکرییەکەی ئەو، واتا (شێخ محەمەد عەبدە)، دەستی لە ئایدیای شۆرشی سەرتاسەریی سیاسی و دروستکردنی یەکێتی ولێتە ئیسلامییەکان (الجامعە الاسلامیە) کێشایەوە کە سەید جەمال، بانگەشەکار و دامەزرێنەرەکەی بوو.

شێخ محەمەد عەبدە رێگایەکی دیکەی هەلبژارد، عەبدە نائومێد ببوو لە بەرهەمی خەبات لەپێناو دروستکردنی ئالوگۆرێکی سیاسی نەوەیەك، حەزی لە بزوتنەوەیەك بوو، کە رەوتێکی درێژخایەنی هەبێت و چەندین نەوە لەخۆبگرێت. رێگای ئەو، دروستکردنی ریفۆرمی فێرکاریی و پەروەردەیی و گۆرانکاریی بوو لە سیستمە فێرکارییە کۆنەکاندا.

فۆرمەلەبوونی بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین لە سالی (١٩٢٨ز)دا، گرنگترین خالی وەرچەرخان بوو لە ژیانی ئیسلامی سیاسی سەدەی بیستەمدا. ئەم بزوتنەوەیە مەزنترین بزوتنەوەی ئیسلامییە لە سەدەی بیستەمدا، کە پانتاییەکەی هەریەك لە فەلەستین، ئوردن، لوبنان، کوەیت، عیراق و هەندێ ولێتی دیکەی عەرەبی و تەنانەت ئێرانیشی گرتەوە.

بزوتنەوەی فیدائیانی ئیسلام بە رێبەرایەتی سەید موجتەبا نەواب سەفەوی، کۆپییەکی بزوتنەوەی ئیخوان موسلمین بوو لە ئێراندا، پەیوەندی نزیك لە نێوان نەواب سەفەوی و ئیخوانەکانی میسر و شامدا هەبوو، هەروەك حەسەن حەنەفی ئاماژەی بۆ دەکات، لە قۆناغی گەنجێتیدا نەواب سەفەویی بەسەر کۆلی ئیخوانەکانەوە لە قاهیرە بینیوە.

بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین رایگەیاند کە بنەما ئایدۆلۆژییەکانی بەم چەشنەن:

-١ سەرتاپاگیریی ئیسلام و گرتنەخۆی ئاین و دونیا و بایەخی جیا نەکردنەوەی نێوان ئاین و دونیا، چونکە ئیسلام کۆی عیبادەت و حکومرانی، ئاین و دەولەت، مەعنەوییەت و کار، نوێژ و جیهاد و قورئان و شمشێرە.

-٢ گەرانەوە بۆ پرەنسیپە سەرەتاییەکانی ئیسلام.

-٣ یەکێتی جیهانی ئیسلام، چونکە موسلمانان میللەتێکی یەکگرتون و نیشتیمانی ئیسلامیش یەك نیشتیمانە.

-٤ حکومەتی ئیسلامی، یەکەم و دوائامانجی ئیخوانە، پاشان پەرەپێدانی

پرەنسیپ و بنەماکانییەتی.
حەسەن ئەلبەنای دامەزرێنەرو ڕێبەری بزوتنەوەی ئیخوانموسلیمین، لەگەڵ دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیەدا، سەرقاڵی وەدیهێنانی ئامانجەکانی سەید جەمال بوو بۆ خستنەگەری چینوتوێژەکانی موسڵمان و یەکێتی میللەتی ئیسلام. ناوبراو بیرمەندێکی سیاسی ریالیست و خوازیاری ڕیفۆرمی کۆمەڵگە و لایەنگری سیستمی پارلەمانی نوێ و بەشداریکردن لە هەڵبژاردن دا بوو، بڕوای بە مافی خەڵك هەبوو لە یاساداناندا. ناوبراو هیچکاتێ کۆمەڵگە هەنوکەییەکانی بە کافر تۆمەتبار نەدەکرد، تۆمەتی جاهیلییەتی نەدەخستنەپاڵ، لە سەرجەم بوارەکاندا بەتەواوەتی لەگەڵ سەید قوتبی میراتگریدا ناکۆك بوو.

* لە جێبەجێکردنی شەریعەتەوە تا حکومرانی
بیرۆکەی بەرایی پرۆسەی ئیسلامی سیاسی، پیادەکردنی شەریعەتی خوداوەند بوو لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا.



بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین لە ساڵی (١٩٣٩ز) بە راشکاویی رایگەیاند یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بەرپاکردنی دەوڵەتێکی شیاوە کە ئەحکام و بنەماکانی ئیسلامی تیادا پیادە بکرێت، لە ناوخۆدا پارێزگاریی لێ بکات و لە دەرەوەشدا پروپاگەندەی بۆ بکات.
ئیخوان پێیوابوو ئەرکی دەوڵەتێکی ئیسلامی بریتییە لە پارێزگاریی تەواوەتیانە لە شەریعەت. حەسەن بەنا پشت بە قسەیەکی ئیمام محەمەدی غەزالی دەبەستێت کە دەڵێت»ئەوە بزانن شەریعەت بنەمایە و پادشاکەی پارێزەرییەتی، ئەوەی بنەمای نەبێ وێرانە و ئەوەی پارێزەری نەبێ فاسدە. تایبەتمەندی بنچینەیی ئەو چەشنە دەولەتەش کە جێبەجێکاریی ئەحکامەکانی شەریعەتە، بریتیە لە بانگەشە بۆکردنی.»
حەسەن بەنا لەو بڕوایەدابوو دەوڵەتی ئیسلامی تەنها بۆ بنەمای بانگخوازیی بەرپا ناکرێت، چەمکێ حکومەتی خوداش لە دیدگای ئەوەوە، ئەوەیە کە بانگخوازیی بەرەو خودا و بانگەشە بۆ پرەنسیپە ئاینییەکان بکرێت.
ئیخوان موسلمین دەتوانرێ بە سیمبولی ئیسلامی سیاسی میانرەو لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەندرێت، قەوارەیەکی بەرفراوانی چالاکییەکانیشی پەیوەندی ب رەهەندە کۆمەڵێەتی، پەروەردەیی و فێرکارییەکانەوە هەبوو. لەگەڵ کوشتنی حەسەن بەنا لە ساڵی (١٩٤٩ز)، رەوتی رادیکاڵخوازیی و جوداخوازی بە ڕێبەرایەتی سەید قوتب لە ناوخۆی ئیخوان موسلمیندا فۆرمەڵە بوو
کە ببووەمایەی پەرت پەرتبوونی ناوخۆیی ئەو ڕێکخراوە، سەید قوتب

لە ژێر کاریگەریی( ابوالاعلي مودودي) تیۆری حکومڕانییەت و جاهیلییەتی خستەڕوو، کە تا ئەمڕۆ وەك ستراتیژی سەرەکی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، یاخود ئیسلامی سیاسی رادیکاڵ دەناسرێت. ئایدیای حکومڕانییەکەی زادەی ژینگەی نیمچە قارەی هیندستانە.

رەگوریشەی ئەم ئایدیایە یا ئەم تیۆرە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و سەردەمی داگیرکردنی هیندستان لەلایەن بەریتانیاوە دەگەڕێتەوە. دەسەڵێتی بەریتانیا بەسەر هیندستاندا تا ئەمڕۆش، کە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی ئیسلامی مەغۆلی دابوو و بە ولێتێکی ئیسلامی هەژمار دەکرا، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ژیانی موسڵمانانی نیشتەجێی ئەم نیمچە قارەیە هەبوو.

داخزانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا لەنێو جەرگەی ناوچە ئیسلامییەکاندا و لاوازبوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەهۆی نیگەرانی زۆری موسڵمانانەوە؛ هاتەئارا. لە هەمان قۆناغدا رەوتێکی توندرەو لەنێو موسڵمانانی ئەو نیمچە قارەیەدا سەریهەڵدا، کە بە توندییەوە جەختی لەسەر خەسڵەتەکانی خۆی دەکردەوە، ئەم پرۆسەیە وێرای ئەوەی پێداگری لەسەر بەگژداچوونەوەی بەریتانییەکان دەکرد، جەختیشی لەسەر جیابوونەوە لە هیندییە ناموسڵمانەکان دەکرد، لەکاتێکدا زۆرینەی رەهای موسڵمانان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵێتی موسلمانە مەغۆلەکاندا دەژیان و رەگوریشەیەکی هیندیانەیان هەبوو.

شا وەلیوڵڵێ دەهلەوی لە پەرتوکەکەی خۆی( حجة الله البالغە) دا خەڵکی بانگهێشت کرد، بەرەو بوژاندنەوەی ئاین لەرێگەی گەرانەوە بۆ قورئان و سوننەت و دورکەوتنەوە لە دابونەریتە خۆماڵییەکان، کە تیایدا هیند و مەغۆل و موسڵمانی لە خۆیدا ئاوێتە کردبوو، بەڵێم کورەکەی واتا شا عەبدولعەزیزی دەهلەوی، سەبارەت بەوەی ئایا هیندستان هێشتا دارولسەلامە، یاخود گۆڕاوە بۆ دارولکوفر، بە رەسمی رایگەیاند هیندستان وێرای بوونی پادشایەکی موسڵمان چیتر دارولسەلام نییە، چونکە دەسەلێت و فەرمانرەوایی راستەقینە لەژێر دەستی ئینگلیزەکاندایە، هەر بۆیەشە رێگاچارەیەکمان لەبەردەمدا نییە تەنها هیجرەت و جیهاد نەبێ.

هزری جوداخوازی و بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەو نیمچە قارەیەدا، کە بووەمایەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی پاکستان، هەر رەگوریشەی بۆ ئەو چەشنە هزرانە دەگەڕێتەوە، تەنانەت سەربەخۆیی هیند بەرێبەرایەتی نەهرۆ و گاندی نەیتوانی تینوێتی ئەم جودایخوازییە بشکێنێ، هەروەك چۆن(ئەبو عەلای) کە یەکێکە لە بەرجەستەترین رووخسارەکانی

ئیسلامی سیاسی لە سەدەی بیستەم و ڕێبەری جەماعەتی ئیسلامی پاکستان بوو لە دەیەی چلەکاندا، رایدەگەیەنێ: ئیسلام دینێکی تایبەتمەند، سەرتاپاگیر و پوچەڵکەرەوەی شەریعەتەکانیترە و تاکە ئاینی نێوان شارستانییەتەکانە، ئەگەری دامەزراندنی سیستمێکی فرەئاینی لە نیمچە قارەی هیندستاندا بوونی نییە. موسڵمانان دەبێ جارێکیتر دەسەڵێت بەسەر هیندستاندا وەدەستبێنن، یاخود دەوڵەتی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن. رەگوریشەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دەسەڵێت کێیە و کێ دەسەڵێتدارە، خاوەن سیستمەکە و بریاردەر کێن؟. وەڵێمی هەموو ئەم پرسیارانە خودای مەزنە، بەم چەشنە سیستمەکە سیستمی خودا و ئیمان و ئیسلامە، یاخود ئەو دەسەڵێتە تاغوتە کە سیستمەکە سیستمی فسق و گومرایی و کوفرە. لە روانگەی مەودودییەوە، ئیسلام پوچەڵکەرەوەی هەموو ئاینەکانە و خۆی دەسەڵێتداری نێو هەموویانە.

سەید قوتب لەژێر کاریگەریی هزرەکانی مەودودی، باس لە پرسی حکومرانی و پرسی جیهانبینی ئیسلامی دەکات، هەنگاوێکی گرنگیشی بەرەو فەندەمێنتالیزم هەڵێنا.

لە روانگەی سەید قوتبەوە، بریاردان دەربارەی هەرشتێ کە لەنێو خاکی موسڵمانأندا لەئارادا بێت، وابەستە بە پرسیارێکی بنچینەییەوە:»کێ لە مەیدانی هزر و کلتور و سیاسەت و حکومرانیدایە، خودایە (شەریعەتی خودا)، یاخود( تاغوتە ) یاسا و پیاو و سیستمە تاغوتییەکانە !. هەموو شتێ جگە لە ئیسلام، واتا جاهیلییەت و گومرایی و تاغوت، چونکە خوداوەند و پەیامبەری خوداش هەر وەها دەفەرموون. رێرەوی کێشمەکێشمەکانی ئیسلام لەگەڵ گومرا ناوخۆیی و دووژمنە دەرەکییەکانأدا، بەدرێژایی مێژووش وەها دەڵێن.

سەید قوتب تا بەرلەم قۆناغە واتا بەرلەساڵی (١٩٥٢)ز، هزرەکانی میانرەو و تا ئەندازەیەکیش لیبراڵی هەبوو. لەم قۆناغەدا پەیوەندی بە ئیخوان ئەلموسلیمینەوە کرد، بەڵێم تا ساڵی(١٩٥٤ز)کە بەهاورێیەتی هەزاران ئیخوان لە ئەنجامی هەوڵی یەکەمی تیرۆرکردنی جەمال عەبدولناسرەوە، خرایە نێو زیندانەوە، هیچ شتێکی دەربارەی حکومرانی و جاهیلییەت نەنوسی، ئەم ئایدیایەی بۆ یەکەمینجار لە کتێبە بەناوبانگەکەید(في ظلال القرآن) خستەروو کە لە زینداندا نوسیویەتی. بۆ پەرەپێدانی ئەم ئایدیایەشی، لە ساڵی (١٩٦٤ز) دوای ئازادبوونی لە زیندان، هەندێ لە نوسینەکانی لە ناوەوەو دەرەوەی زینداندا لەژێرناوی (معالم فی الطریق) بڵێوکردەوە کە بووە بنچینەیەك بۆ جەماعەت و گروپە ئیسلامییەکان بەتایبەتی لەناو وڵێتانی عەرەبدا. ناوبراو لەم کتێبەدا دەڵێت: کۆمەڵگەکانی ئێستا سەرجەمیان جاهیل و نائیسلامین... واشیاوە بە

راشکاویی و بێ ترسەوە بڵێین ئیسلام هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو شتانەی ئەمرۆ لەسەر گۆی زەویدا روو دەدەن، چونکە حکومڕانییەکەی ئیسلام نییە و تەنها ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەم بارودۆخە درۆزنە، بەر لەهەر شتێك دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، کە ئیسلام بکاتە شەریعەت و یاسای خۆی و هیچ شەریعەتێکیتری تێدا نەبێت.

ناوبراو لە جێگەیەکیتری ئەم پەیامەیدا دەڵێت:»بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جاهیلییەتدا، پێویستمان بە توانا و هێزە، هێزی بیروباوەڕو وێناکردن، هێزی ئەخلاقی و خۆئامادەکردن، هێزی ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵێیەتی و جۆرەکانیتری هێز کە بە پشت بەستن بەو هێزو توانایە رووبەرووی کۆمەڵگەی جاهیلیەت ببینەوە، هێزی بەردەوامبوون و هێزی زاڵبوون بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەمان پێویستە.

لەلایەکیترەوە حەسەن ئەلمیزیبی رێبەری ئیخوان موسلیمین لەدوای حەسەن بەنا بە هاریکاریی سەرکردەکانیتری ئیخوان، پەیامێکی لەژێر ناوی (دعاة لاقضاة) دارشت، تیایدا جەختی لەسەر ئەم خالە کردبووەوە کە نابێ لەنێوان سیستمێکی بالێی کۆمەڵگە کە لە شەریعەتی خوداوەندەوە سەرچاوەی گرتوە لەگەڵ حکومەت و ئایدۆلۆژیایەك کە بیروباوەڕێکی ناپیرۆزی هەیە، بەهەڵەدا بچین و تێکەڵێویان بکەین. ناوبراو و هاوبیروباوەڕەکانی لەو بروایەدابوون ئیخوان موسلیمین لە بنەڕەتدا جەماعەتی بانگەواز و ئیرشادن نەك جەماعەتی سیاسەت و حیزبایەتی کە بیروباوەرە توندەکانی خۆیان بکەنە ئامرازی گەیشتن بە دەسەڵێت. ناوبراو میراتگری هزرو رێبازی حەسەن بەنا بوو، هەولی لەپێناو جێبەجێکردنی تەواوەتیانەی شەریعەت دەدا لەرێگای پەروەردەکردن و رێنمایی و ئامۆژگاریی کاربەدەستان و بەشداریکردنیان لە ژیانی کۆمەڵێیەتی و سیاسیدا بە ئامانجی هێنانەئارای گۆڕانگارییەکی باشتر و قولتر، ئەگەرنا بیروباوەڕەکەیان دەبێتە هاوشێوەی گروپە کۆمۆنیستییەکان، یاخود دەستەو تاقمە ئیسلامییە دێرینەکانی وەك خەوارپجەکان. ئەوەی ناوبراو پێشبینی بۆ دەکرد، هێندەی نەبرد هاتەئارا و لەنێو دلی ئیخوان موسلیمیندا کۆمەڵێك گروپ بە ئیلهام وەرگرتن لە بیروبۆچوونەکانی سەید قوتب، لە ئیخوان جیابوونەوە کە خەسلەتە هاوبەشەکەیان بڕوابوون بوو بە زەرورەتی گۆڕانکاریی لە بارودۆخەکەدا لەرێگەی توندوتیژییەوە وەك:(جماعة الفنیة العسکریة) لە سالی١٩٧٤) جماعة التکفیر و الهجرة) لە سالی ١٩٧٧)جماعه الجهاد) لە سالی ١٩٧٩)ز

* لە ئایدۆلۆژیای حکمڕانییەوە بەرەو فەندەمێنتالیزم



ئیخوان موسلیمین دایناسۆ

دەگوترێ هزرە توندوتیژەکانی سەید قوتب بۆ تەکفیرکردنی کۆمەڵگەی ئێستای مرۆڤایەتی (بە موسلمان و ناموسڵمانەوە) کە تیایاندا شەریعەتی خودا حکومران نییە، تۆوی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی هێناوەتەئارا.

کۆمەڵێك گروپ و جەماعەتی فەندەمێنتال، کە لە نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا هاتنەئارا، سەرجەمیان لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی سەید قوتبدان، هەر لە جەماعەتە توندڕەوەکانی میسرەوە بگرە تا دەگاتە ئەلقاعیدە. یەکێك لەم جەماعەتە توندڕەوانەش، جەماعەتی تەکفیرو هیجرەیە. ئاشکرایە ئەم جەماعەتە، بیروبۆچوونی تەکفیر و هیجرەیان لە (معالم في الطريق)ی سەید قوتب و نوسینەکانی ئیسلامییەکانی نیمچە قارەی هیندستان وەك شا عەبدولعەزیز دەهلەوی و مەودودییەوە وەرگرتوە.

خاڵە بەرجەستەکەش لەوەدایە«کە گوتاری دورەپەرێزی و جودایخوازیی و تەکفیرکاریی ئیسلامییە هیندییەکان، لەلایەن ئیسلامییەکانی میسرەوە کۆپی کرایەوە و بایەخ بە ژینگەی وەبەرهەمهێنانەوەی ئەو گوتارە دەدرا کە لە کۆمەڵگەی ئاوێتە لە موسڵمان و پەیرەوانی ئاینە نائاسمانییەکاندا بوو.

زانایانی هیند لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، فتوای تەکفیرکردنی کۆمەڵگەی هیند و ناوزەدکردنی هیندستان بە (دار الكفر) و زەرورەتی هیجرەت بەرەو (دار السلام) واتا بەرەو ئەفغانستانیان دەرکرد، لە ڕاستیدا بەم فتوایە دە هەزار موسڵمانیان بەرەو مەرگ راپێچکرد. دەشێ لەسەر بنەمای شەریعەتی سوننەکان، کەمێ پاساو بۆ ئەوە بهێنرێتەوە، بەڵێم بریاردان سەبارەت بە تەکفیرکردنی ئەو کۆمەڵگە ئیسلامییانەی نە لەژێر دەسەڵێتی بێگانە و نە لەژێر حکومرانی کوفردا بوون، بە هیچ شێوەیەك جێگەی بایەخ نییە. ئەم جەماعەتانە لەژێر کاریگەریی نوسراوەکانی سەید قوتب و مەودودی و هاوشێوەکانیان، سنورەکانی ئەهلی سوننەیان بەزاند، لە ڕاستیدا فیقهێکی تازەیان دامەزراند« کە نەرمونیانی و موحافیزکاری و میانرەویی تیایدا نەما و لێکبوردەیی و پێکەوەژیانی فیقهی هەزارو چەند سەد ساڵەی ئیسلامیان فەرامۆش کرد.

شوکری مستەفای ڕێبەری جەماعەتی (التكفير و الهجرة)، دوای ئازادبوونی لە زیندانێکی شەش ساڵە، لە ساڵی(١٩٧١) دەستی بە دامەزراندنی ئەم جەماعەتە کرد کە لەو بڕوایەدایە ئیسلام ون بووەو کۆمەڵگەکانی ئێستا لە ئایندەدا هەرەس دێنن، ئیسلام سەرلەنوێ لەلایەن گروپێك موسوڵمانی هەڵبژاردەوە دەبوژێتەوە، کە لە کێوەکانی یەمەنەوە دێن (بەپشت بەستن بە هەندێ فەرموودەی پیرۆز) بیرۆکەی هیجرەتیش، دەرەنجامی زەرورەتی جودابوونەوەو گۆشەگیریی لە کۆمەڵگەکانی ئێستا و دەستپێکی هەنگاوێکی باشە بەرەو بەدیهێنانی سەرەتاکانی



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

کۆمەڵگەی ئیسلامی، لەم ڕووەوە دەبێ پەنا بۆ کێو و ئەشکەوتەکان ببەین.

ئەم جەماعەتە هیچ سەرچاوەیەك بۆ بڕیاردان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا (جگە لە قورئان و سوننەت)، بەرەسمی ناناسن. سەلەفییەتی شوکری مستەفا هێندە توندڕەوانەیە، کە بانگەواز بۆ نەخوێندەواری و وازهێنان لە زانست و خوێندەواری دەکەن و دەڵێن:» واباشترە هەر لە سەرەتاوە وانەی نەخوێند بێ (نەخوێندەوار بێ)، پێغەمبەریش بۆ فێربوونی پزیشکی و ماتماتیك و... خوێندنگە و زانکۆی دانەمەزراندوە، یەکەمین شتیش کە مرۆڤایەتی بەرەو ڕابوون بردووەو ئەوی بەرەو بیرکردنەوە لە پەروەردگار ڕاکێشکردوە، هەمان ئەو زانستەیە کە فێری بووە. شوکری مستەفا هێندە دەربارەی فەزیلەتەکانی نەخوێندەوارییی و بە نەخوێندەوارییی مانەوە و زەم کردنی پەیرەوانی کتاب (یەهودی) دەدوێت کە لە قورئاندا بە گوێدرێژ شوبهێنراون. ناوبراو بۆچوونیشی بە چەشنێکە کە خوێنەرێکی نەناس ڕەنگە وا هەست بکات ڕووبەڕوو دەقێکی تەنزئامێز و کۆمیدی بوەتەوە، بەڵێم شکوری مستەفا هەر لەسەر ئەو بۆچوونەی شێلگیرە کە فێربوون و فێرکردن بە کفر دادەنێ و ناوەندە فێرکارییەکان بەتایبەتی (ئەزهەر) بە قەڵێی کفرو گومرایی هەژمار دەکات.

کۆمەڵێکی تری فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی هەن کە (جماعة الجهاد مصر)ە، لە ساڵی (١٩٧٤)زبە سەرۆکایەتی صالح سریە دامەزراوە. ئەم جەماعەتە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و پیادەکردنی شەریعەتدا، هەموو ڕێگاکانی توندوتیژی بە ڕێپێدراو دادەنێ. باکگراوەندی بیرکردنەوەی (صالح سریە)، بریتییە لە (محمد عبدالسلام فرج) کە کۆمەڵگەکانی ئێستای تەکفیر کردوە و ڕێگایەکی دیکەی جگە لە کوشتن و توندوتیژی ناناسێ، لەو بڕوایەدا بوو ئەو ئایەتانە دەستهەڵبەستن کە بانگەوازیی پێکەوەژیان و لێبوردەیی و بەخشین دەکەن.

ناوبراو کتێبی (رسالە الفریفته الغائبة)ی نوسیوە، تیایدا ئەو یاسایانە بە کوفر دادەنێ کە لە کۆمەڵگە هەنوکەییەکاندا هەن و پێیوایە لەلایەن کافرانەوە داندراوە. مەبەستی ئەویش لە چەمکی (فرضية غايب)واتا جیهاد. ئەوەی بە تازە دادەنرێ، ناوبراو لەم ریسالەیەدا جیهاد بە واجب (فريضة) دادەنێت. لە کاتێکدا ئەهلی سوننەت، جیهاد بە ئەرکێکی سوننەت نەك عەینی هەژماری دەکرن.

لەوەش گرنگتر ناوبراو جیهادی لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیشدا بە واجب داناوە، لەکاتێکدا هەمیشە جیهاد بە ڕووبەڕووبوونەوەی بێگانە ناموسڵمانەکان وتراوە.

کاتێك دەنۆڕینە پەیام و نوسراوەکانی ئوسامە بن لادن، بەتەواوەتی هەمان ئەو دابونەریتە توندڕەو و تەکفیرگەرایەی تیادا دەبینین. بن لادن جیهانی

بۆ هەردوو بلۆکی ئیسلام و بلۆکی کافر دابەشدەکرد، پلۆکی ئیسلامیش لە روانگەی بن لادنەوە تەنها لە چوارچێوەی حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستاندا توانیویەتی خۆی بەرجەستە بکات!.

لەو ئیسلامە سیاسیەی بە میانرەویی و لەسەر بنەمای بانگەواز و ئیرشاد و پەروەردەکردن، کە حەسەن بەنا و بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین مەشخەڵی بوو، تا ئەو ئیسلامە سیاسییە توندرەو و شەرخوازە،ی کە بزوتنەوەی ئەلقاعیدە نوێنەرایەتی دەکات و رێگای توندوتیژی و داسەپاندن و وێرانکاریی و تیرۆری وەك رێگای گۆرانکاری و وەرچەرخان دادەنێت، درزێکی قوڵ هاتوەتە ئاراوە، کە بەهیچ شتێك شیاوی پرکردنەوە نییە. ئیسلامییە میانرەو و موحافیزکار و ریفۆرمخوازەکان لە چاویلکەی ئیسلامییە توندرەو و شەرخوازەکانەوە، لە دوژمنان و بێگانەکان مەترسیدارترن.

ئێستا مشومرێکی قوڵ لەنێوان هەردوو بەرەی ئیسلامگەرای توندرەو و میانرەو لە ئارادایە، لەلایەکەوە رەوتە میانرەوەکەی ئیخوان ئەلموسلیمین کە لەناو میسردا چربوونەتەوە و لقوپۆیەکی بەرفراوانی لە وڵێتانی عەرەبدا هەیە، هەر بۆ نمونە لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ئوردندا سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێنا، رەوتە میانرەوەکانیتریشیان وەك (حركة النهضة التونسية) لە تونس بە رێبەرایەتی (راشد الغنوشی) و لەلایەکیترەوە رەوتە توندرەوەکانی وەك جیهادی ئیسلامی و ئەلقاعیدە و هاوشێوەکانیان، رێگای جیاوازیان لەیەکتر گرتۆوەتەبەر.

پێشبینیدەکرێ وێرای ئەوەی رەوتێکی توندرەو لە ماوەیەکی کورتدا ، توانایەکی زیاتری بۆ بزواندنی هەست و هەڵچوونی موسڵماناندا هەبووە کە نمونەکەی تەقینەوەکانی (١١)ی سێپتامبەر بوو، لەهەمانکاتدا ئاگاداربوون لەو زیانانەی ئەم رەوتە بە ئابرو و ئاستی ئیسلامی هەبووەو هەیەتی، وردە وردە بایەخی موسڵمانانی بۆ ئەم رەوتە کەم کردتەوە. هەنوکە ئومێدێکی فراوان ، لەپێناو سەرکەوتنی رەوتی ئیسلامی سیاسی میانرەو و رۆشنبیردا بەسەر رەوتی ئیسلامی سیاسیی توندرەو و شەرخواز و تاریکبین و تەکفیرگەرادا هەیە (فلله الامر من قبل و من بعد).

**سەرچاوە:**

گۆڤاری ئەلیکترۆنی (واشنتۆن پریزم)، مقالات مرداد ماه، ١٣٩٠.

# مێژووی ئیسلامگەرایی

**حەمە کەریم عارف**

«١»

سیاسەت بە کورتی و بە کرمانجی دەکاتە هونەری چۆنییەتی ڕێبەرایەتیکردن و زانینی هونەری حوکمرانی.. زاراوەی سیاسەتیش کۆن نییە. لای عەرەبی جاهیلی و سەردەمی سەرەتاکانی ئیسلامدا زاراوەی «دەها»ی بۆ بەکارهاتووە. عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا بەبێ بوونی دەوڵەت بەکاریانهێناوە، واتە بێئەوەی دەوڵەتیان هەبووبێ ئەم زاراوەیەیان بەکار هێناوە. بەم پێیە مەرج نییە (دەها) پەیوەست بێ بە بوونی دەوڵەتەوە، بەڵکو ئەزمون و شارەزایی و زانیاریە لەمەڕ ڕێبەریکرن و بەڕێوەبردنی پەیوەندییان لە هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا.

«٢»

لێ زاراوەی سیاسەت لە ڕۆژگاری تازەدا دوو لایەن دەگرێتەوە، هەم هونەری ڕێبەرایەتی و هەم هونەری حوکمرانی، کەواتە بوونی دەوڵەت مەرجە بۆ مومارەسەی سیاسەت. لە سەردەمی ئیسلامیدا (ماوەردی و ئیبن خەلدون) سوربوون لەسەر مەرجی دەوڵەترانی..بەڵام تا سەردەمی ڕاشدینش دەوڵەترانی ئاوێتەیەك بووە لە پرەنسیپی سیاسی پراکتیکی و پرەنسیپی شەرع و شەریعەت، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی لە پاش ڕاشدینەوە خۆی لە حوکم و پرەنسیپەکانی

ئیخوان موسلیمین دایەمۆی

شەریعەت دور خستەوەو تەنیا لە بواری دادڤانیدا (قەزایی) نەبێ ئەویش بە مەرجێ زیانی بۆ سیاسەتی دەولەت و بەرژەوەندی دەولەتڕانان نەبێ.

«٣»

ئەم هاوکێشەیە جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان هزرڤانی سیاسی وحوکمڕاندا چێدەکات، ئیدی ئەو پەیوەندیە چاك بێ یان خراپ! هەڵبەتە ئەم پەیوەندیە لە بواری پراکتیکیدا لە رۆژاوادا بتەوترو کۆکترە تا لە رۆژهەڵات، لە رۆژهەڵاتدا ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان هزری سیاسی و سیاسەتی مەیدانیدا زاڵە، هەربۆیە رۆشنیران، یان لەگەڵ دەولەتدان وەکو سەرچاوەیەکی خۆشگوزەرانی شەخسی یان دەرکراو و راوەدونراون و لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندان، بۆیە دەبینین شەهیدانی هزری سیاسی لە رۆژهەلاتدا زۆرترن تا لە رۆژاوا. لە بواری فەلسەفەدا پێچەوانەیە.



«٤»

بەم پێیە محەمەد (د.خ) یەکەم سیاسەتوانە لە ئیسلامدا، هەروەها یەکەم سەرکردەو یەکەم حوکمرانە. دەولەتە ساواکەی لەسەر بناغەیەك رونا کە (لەقاحیەت)ی باوی سەردەمی جاهیلی تێدا رەچاوکرد. ئەبوبەکرو عومەریش لەسەر هەمان(لەقاحیەت(ی ئەو رۆییشتن. ئیدی یەکەم لادان و پێشێلکاری لەم رووەوە لەلایەن عوسمانەوە کرا، پاشان لە لایەن عەلیەوە پەیرەوکراو تا ئەمەوییەکان هاتن و(لەقاحیەت)یان وەلانا. هەڵبەتە کێشەی سیاسی لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانەوە دەستی پێکرد و ئەوەبوو خەلکەکە راپەری و عوسمان کوژرا.چونکە لە مەیدانی حوکمرانیدا لە (لەقاحیەت) لایداو لە باری سیاسەتی داراییشەوە لە حوکمی شەریعەت دەرچوو،بەلام رەگ و ماکی کێشەکە دەچێتەوە سەر سەردەمی عومەر، سەرچاوەکەشی ئەو ئەرستۆکراتیەتە نۆباوە بوو، کە لە ئەنجامی فتوحات و ولاتانگیرییەوە هاتە ئاراوە..ئیدی بەرەبەرە چینێکی دەولەمەندی دنیایی پەیدا بوو، کە معاویە سەرکردایەتی دەکرد، ئەم چینە لە ئەنجامدا سەرکەوت و عەلی لەلایەن خەواریجەوە هاتەکوشتن، ئەمەش بەلگەی کرۆك و جەوهەری دنیاداری کۆمەلگەی ئیسلامیە، هەرچەندە لایەنە ناکۆك و هە ڤدژەکان هەموویان هەر پشتیان بە دەقی ئاینی دەبەست، بەلام کێشە تەوەرییەکەیان لەسەر ئاین نەبوو. ئیسلام لەمەدا لە مەسیحیەت و بوزیەت جیاوازە. نە مەسیح و نە بوزا دەولەتیان دانەمەزراند، ئەمانە زیاتر ئاینیان دامەزراند نەك دەولەت زیاتر ئاموچیاری ئاینی بوون تا سەرکردەی



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

کۆمەڵایەتی. بەم پێیە دەوڵەتی راشدین تەنیا دەوڵەتێکی دینی نییە، بەڵکو پراوپڕ بە وشەی دەوڵەت، دەوڵەتە.لەباری چالاکییەوە کۆمەڵگەی مەبەست بوو، نەك مەعشەرێکی کەم، جا عومەر دەرهەق بە ئورۆستۆکراتیەتی نۆباو خەتای کرد، بۆیە دەبوایە بیر لە ڕێگەیەك بکرێتەوە عومەر لەسەر ڕێگەی ئەم چینە دەوڵەمەندە تازەیە و نەشونمای ئەم چینە، کە بە فتوحات کەرەستەی بینای دەوڵەتی خۆی فەراهەم دەکرد، لاببرێ.

«٥»

ئەگەر ماتریالیزم لە چوارچێوەو مەرجە زانستییەکانی هاتە دابراندن و کرا بە ئایدۆلۆجیا، بۆئەوەی ببێ بە متریالیزمێکی خالیسەی پەتی، جۆرە پیرۆزی و قودسییەتێکی نوێ بەرهەمدێنێ، دیارە قودسیەت کە رەگی داکوتا، دەبێت بە ڕێگر لە بەردەم پەرەسەندن و گەشەکردنداو دەبێ هەوڵبدرێ لە قودسیەت و پیرۆزی بخرێ و ئەمەش هەوڵ و تەقەللایەکی فرەی گەرەکە رێبەری ئەم مەیدانە لە ئیسلاما تەها حسەینە کە لە کتێبی (فی الشعر الجاهلی)دا بۆ یەکەمجار گۆمی مەنگی مێژووی پیرۆزی شڵەقاند. دیارە ئەمە هەنگاوێك بوو، کە لە باوەشی لاهوتی عوسمانیدا بەختی خۆی لەگەڵ فیکری وەستاودا تاقیکردەوە، باجەکەشی ئەوە بوو کە درایە دادگاو لە مامۆستایەتی کۆلیژی ئەدەبیات دەرکرا. ئەمە باجێکی کەمە لە چاو باجی فیکری ئازادی رۆژاوا لە سەدەکانی ناوەراست و سەردەمی رێنیسانسدا، بەڵام تەها حسەین کەمێك پاشگەزبوویەوەو چاپێکی دیکەی ئەو کتێبەی بە ناوی (فی الادب الجاهلی) کردەوە، لە چاپی یەکەم دەوڵەمەندترو خەملیوتر بوو، تەنیا هەندێ دەستەواژەی بە درۆخستنەوەی راستەوخۆی دەقە ئاینییەکانی لێ لابرد، ئیدی هیچی لێ نەگۆڕی بوو.

تەها حسەین ئەندامی حیزبی وەفد بوو، بەر لە عەبدولناسر سەرکردەی بزاڤی نیشتمانی بوو لە میسر، کە لە ساڵی ١٩٥٠دا وەفد بۆ حکومەتایەتی هەڵبژێردرا، تەها حسەین کرا بە وەزیری مەعاریف ، وەزیرێکی سەرکەوتوبوو، زۆر دەسکەوتی باڵای بۆ خوێندن لە میسردا بە دەستهێنا.

«٦»

لە دوا ساڵەکانی ژیانی پەیامبەردا بە ئاشکرا ئەوە دیار بوو، کە دورگەی عەرەب بەرەو ئەوە دەچێت ببێ بە یەك کۆمەڵگەی سیاسی و (یترب) بەرێوەی ببات، بە پێی قسەی نوسەرانی مێژووی ژیانی پێغەمبەر ژمارەی ئەو حاکم و



ئیخوان موسلیمین دایەنەمۆی

والیانەی کە لە کاتی مردنی پێغەمبەردا ، لەسەر کاربوون گەییە شازدە کەس لە نێوان والی پە مانای بەرێوەبەری ویلایەت وەکو لە مەککەدا، یان نوێنەری پێغەمبەر لەپاڵ حاکمی ئەسڵی دەڤەرەکەدا وەکو لە یەمەن و بەحرەیندا، یان مەنسولی باج و دابەشکردنی زەکات.

محەمەد(د.خ) پاش هیجرەتەکەی هەوڵیدا کە (یەترب) بکات بەیەك مەعشەرو لە دەوری خۆی خری بکاتەوەو بۆ ئەمەش دوو رێگەی گرتەبەر:

*- برایەتی ئاینی لە نێوان موهاجیرین و ئەنساردا لە نێوان ئەوس وخەزرەجدا خستە جێگەی برایەتی خێڵەکی. ئەم کارە هەنگاوێکی گەورە بوو، هێزێکی کاریگەریی بۆ محەمەد(د.خ) دروستکرد، کە لە نەخشەو پلانەکانی داهاتوویدا پشتی پێبەست.

*- پەیمانێکی هاوبەشی لە نێوان موسوڵمانان وجولەکەکانی یەتربدا دانا بە پشتیوانی پرەنسیپە هاوبەشەکانی هەردوو لا، ئەم هەوڵە لە بنەرەتدا پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی ئاینی محەمەدو دابە یەهودییە مەسیحییەکانەوە.

محەمەد لە بواری مەعنەویاتدا ئەوپەری لێهاتوویی و کارامەیی لە بەکارهێنانی هەندێك بەشی ئایدۆلۆژیای ئاینی بۆ قولکردنەوەی حەماسەت و ئامادەسازی قوربانیدان لە ریزی پەیرەوانی خۆیدا نواند، لەوانە: قەزاو قەدەر، جەبرییەتی مەرگ، جەبرییەتی رزق و رۆزی وبەستنەوەی بە خواو بەستنەوەی ئەو بەڵاو نسیبەتانەی بەسەر مرۆڤدا دێن بە خوداوە، سەبر، تەوەکول، بەشداریی فریشتەکان لە جەنگدا.

محەمەد لە بانگەوازە ئاینییەکەی خۆیدا هەر شێوازێکی سیاسی گونجاو ولەباری دەگرتە بەر. یەکێك لەوانە مەسەلەی پشت بەستن پە هەواڵگریبوو، بۆ نمونە مۆنت گەمری وات-ی رۆژهەڵاتناسی هاوچەرخ دەڵێت: هەواڵگری محەمەد یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی بەسەر قورەیش و غەیری قورەیشدا.

محەمە(د.خ) لەسەرەتادا وەکو ئاموچیارێکی ئاینی دەستی بە بانگەوازەکەی خۆی کرد، لێ پاش هیجرەت کەوتە سیاسەتکردن. ئەمە خۆی لە خۆیدا تاقیکردنەوەیەکی تواناکانی خۆیبوو، کە چەند لەگەڵ ‌بارودۆخی جیاوازدا دەسازێ و هەڵدەکات. ئەوەبوو بە کردەوە توانای سیاسی محەمەد بە دیارکەوت. خۆ ئەگەر لەسەر رێبازی یەکەمی (ئاینی) بەردەوام بوایە ئەو پەرەکەی دەبوو بە مەسیحێکی تازە، ئەویش لە سەردەمێکدا کە پێغەمبەرێکی جیاوازی دەخواست...جا ئەمە باجی گواستنەوە لە پێغەمبەرایەتیەوە بۆ دەوڵەترانی بوو، هەندێك پێیانوایە مەسیح ئەم باجەی نەدا بۆیە بەزی، بەلام محەمەد(د.خ)



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

باجەکەی داو سەرکەوت.بۆیە ماکیاڤێلی هەر لەم پێوانگەوە دەڵێت پێغەمبەرانی بێ چەك سەرناکەون.

پێغەمبەر بۆ ئەوە نەهات جەماعەتێکی ئاینی پێکەوە بنێ، هەقی قەیسەر بدات و ئیدی مژولی پەیوەندییەکی ئاینی خالیسە بێت لەگەڵ خودادا. شێوەی موسوڵمانبوونی جەزیرە- زەبری چەك، پاشان مژدەی ئاینی، مانایەکی جیاوازی بەم رەوتە بەخشی، ئەویش بریتیبوو لە یەکخستنی جەزیرە لە سایەی یەك سەرکردایەتیدا. هەر لە بەرژەوەندی ئەم سەرکردایەتیەدا، سیستمی خێڵەکی دەستبەرداری هەندێ شوێن و پایە بوو کە لە بری دەسەلات و حکومەت بەرێوەی دەبرد، لە ولاتی عەرەبدا خوردەمیرو پاشایانی بە دەسەلات نەمان. بوون بە موسوڵمان، واتە ئیعترافکردن بە دەسەلاتی مەدینە کە لە دوا رۆژانی ژیانی محەمەدا بوو بە سوپایەکی هێندە بە هێز کە دەیتوانی بگاتە هەر دەڤەرێکی ولاتی عەرەبان و بەزۆر بیکات بە ئیسلام، جا گەییشتنی ئیسلام بە دورگەی عەرەب وێرای مانا ئاینییەکەی دەیکردە گۆرانکارییەکی سیاسیش، کە لە دەوڵەتێکی بەهێزی یەك دەسەلات و یەکگرتودا بەرجەستە بوو. هەر لەم پێودانگەوە مەسەلەی خەلیفە هاتە گۆرێ، یانی کێ پاش پێغەمبەر دەسەلاتی ئاینی و دنیایی بەرێوە بەرێت ئیدی زاراوەی خەلافەت ، واتە خەلیفەی پێغەمبەری خودا هاتە ئاراوە.

«٧»

هەرچەندە قورئان هەندێ زاراوەی سیاسی پەیوەست بە حوکمران وەك مەلیك و ئیمام و وەلی تێدایە، بەلام وێنایەکی روونی لەمەر دەسەلات تێدا نییە، کە رێبازێکی سیاسی دیاریکراو پێکبهێنێ، بەلام وێرای ئەمەش دورە محەمەد بیری لە مەسەلەی خەلافەت نەکردبێتەوە. قسە هەیە گوایە حەزیکردوە عەلی لە دوای خۆی دابنێ، یەکێك لەوانە فەرموودەی (غدیر خم)ـە کە دەڵێت: «من كنت مولاه فعلي مولاه»

لە کۆبوونەوەی سەقیفەدا کە لە رۆژی مردنی محەمەدا(د.خ) ئەبوبەکری تیا هاتە هەڵبژاردن، شێوەیەکی سەرەتایی دەنگدان پەیرەو کرا ئەویش تەوقەکردنبوو لەگەڵ پالێودراوا وەکو نیشانەیەکی رەزامەندی، ئیدی ئەم تەوقەکردنە ناونرا سۆزدان (بەیعة).

هەندێك لە هاوچەرخان پێیانوایە ئەوەی لە سەقیفەدا کرا، پرۆسەیەکی هەڵبژاردنە پر بە مانای هاوچەرخی هەڵبژاردن، بەلام ئەمە وانییە، چونکە هەموو موسوڵمانان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریان نەکرد، تەنیا دەم سپییانی موهاجرین و ئەنسار ئامادەبوون، دیارە زۆربەی ئامادەبوان دەنگیان بۆ ئەبوبەکردا، ئەمەش

بەسەر هەموو موسوڵماناندا سەپێنراو واتە رای زۆربەی موهاجڕین و ئەنسار کە بە قازانجی ئەبوبەکر بوو ، کرا بە بریکاری رای هەموو موسوڵمانان، کەواتە ئاشکرایە کە مافی هەڵبژاردنی خەلیفەی پێغەمبەر لە ئەبوبەکرەوە تا ئەوانی دی، بە پێی کۆبوونەوەی سەقیفە تەنیا لە بازنەی موهاجرین و ئەنساردا مایەوە، بیانووش بۆ ئەمە ئەوە بوو کە ئەوان (موهاجرین و ئەنسار) باری قورسی خەباتیان شانپەشانی پێغەمبەر کێشاوە!!

بەهەرحاڵ پاش ئەوەی رووداوەکان پەرەیان سەند، ئەنجومەنی شوراش هەندێ فراوان بوو، تەنیا لە بازنەی موهاجرین و ئەنساردا نەمایەوە، بەڵام ئەهلی زیمە – ئەو ناموسوڵمانانەی کە سەرانەیان دەداو وەکو هاووڵاتی حەساویان بۆ دەکرا- لە هەڵبژاردن بێبەری کران، هەرچەندە ئەم پرەنسیپە، هەڵبژاردن لەباری پراکتیکییەوە، لە چەمکە دیموکراتییەکەی ناشواتەوە، مادامێکی لە کۆمەڵگەیەکدا ئەنجام دەدرێت کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی موسوڵمانن، بەڵام دانانی باوەر – چ ئاینی چ سیاسی- بە پیشمەرجی هەڵبژاردن لەگەڵ دیموکراتیەتدا تێکناکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی یاسایەك نەبوو کە مافی هەڵبژاردنی پێ دیاریی بکرێت و رێکبخرێ.

بە هەرحاڵ شورای ئیسلامی قۆناغێك بوو لە بواری پەرەسەندنی دیموکراتییەتدا، بەڵام دەرفەتی بۆ نەڕەخسا ببێ بە سیستمێکی تەواو لەو بوارەدا..

«٨»

خەلیفە، هەر بەماناکەیدا دیارە مەبەست لەو کەسەیە، کە جێی پەیامبەری خوا دەگرێتەوە درێژەپێدەری پایەی ئەوە، ئامانجێن ئەو و سیاسەتی ئەو دەبێت و هەمان ئەو ئەرکە ئاینیانە دەبینێ، کە پێغەمبەر دیتوونی وتاقە جیاوازیان ئەوەیە کە ئەمیان (خەلیفە) پێغەمبەر نییە..پەیوەندی پێغەمبەرو رەفتاری پێغەمبەر هەرگیز لە پاشاو مەلیکان نەچووە، بۆیە خەلیفەکانیشی وەکو مەلیك و پاشایان نەبوون تەنیا لە یەك شتدا نەبێت ئەویش ئەوە بووە، کە خەلیفە تا مردن هەر لەسەر حوکم بووە. پاشایەتی بە میرات لە مەلیکی پێشترەوە بۆ مەلیکی دوای خۆی دەمایەوە، بەڵام خەلیفە بە هەڵبژاردنی شورا دیاری دەکرا.. بەم پێیە دەبێت بەو چاوەوە سەیری حکومەتی راشدین بکرێت کە حکومەتێکی دەستوری بووە، دەستوری راشدینەکان دوو سەرچاوەی هەبووە: یەکێکیان تۆمارکراو بووە(قورئان) ودووەمیان تۆمار نەکراو بووە(سوننەت)..ئەو ئیرادەی لەم دەستورە دەگیرێت ئەوەیە کە بە زمانێکی تەشریعی پڕ بە مانای تەشریع نەنوسراوە. قورئان بە زمانێکی ئەدەبی زۆر باڵا نوسراوە، فەرموودەو حەدیسیش هیچی وای لە زمانی قورئان کەمتر نییە، ئەمەش وایکردوە ئەحکامی ئەو دەقانە

وەلاوەبنرێن کە بە حوکمی زمانە ئەدەبییەکەیان تەفسیرو لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرن. ئیرادەی دووەم لە دەستوری ڕاشدین ئەوەیە کە دەزگایەکی پێویست بۆ بەقانونیکردنی دەسەڵاتی خەلیفە نەبووە تا ببێ بە زامنی دستوریەتی حوکمڕانی، تاقە زامن موهاجرین و ئەنسار بوو، کە کاریگەریی خۆی بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندبوو، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەبوبەکر وعومەردا، بەڵام دووبەرەکی و دەستەبەندی و ناکۆکی لە سەردەمی عوسماندا کردیە کارێك لە ژێر باری ئیلتیزاماتی ئەنجومەنی شورا دەربچێت وپشت بەوانە ببەستێ، کە لە ڕێگەی دەسکەوتەکانی فتوحاتەوە دەوڵەمەند ببوون و وەکو چینێك لە حاڵی دەوڵەمەندبوون و جێگیربووندا بوون، هەر ئەمەش سەری عوسمانی خوارد، خەڵکەکە لێی ڕاپەڕین و جەماعەتی عەلی کوشتیان..کە عەلی هاتە سەر حوکم گەڕایەوە بۆ شەریعەت،بەڵام حوکمی عەلی بریتیبوو لە چوار ساڵ ناکۆکی و چەند بەرەکی ئەوەبوو جەماعەتی عوسمان بە سەرکردایەتی معاویە هاتنەوە سەرحوکم و ئیدی بە یەکجارەکی دەوڵەت و شەریعەت لێکدی جیاکرانەوە، دەوڵەت بەرەو دکتاتۆریەتێکی زۆر توندو تیژ چوو، خەلافەتی ئومەوی وعەباسییان نمونەی هەرە دیارو زیندوی دیکتاتۆریەت بوون..

«٩»

بێگومان سەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلامی تەنیا قەرزارباری محەمەد نییە، هیچ تەڤگەرێك بەبێ ئەو کادیرە سەرکردایەتیانەی کە شوێنی جیاواز لە باری هێزەوە لە بینای بزوتنەوەکەدا دەگرن، خۆی بە پێوە ناگرێت، واتە ئەگەر بزاڤ و تەڤگەرەکە بە خێوەت و دەوارێکی گەورە بچوێنرێ، ئەوا کادرێن سەرکردایەتی ئەستونەکانی ئەو خێوەتەن و هەر یەکەیان لە شوێنێکەوە بەرزی دەکەنەوە، بەڵام دیاریکردنی ئەو دەورو ڕۆڵانەی کە هەر کادیرێك دەیبینێ هەموو کاتێك ئاسان نییە، چونکە واباو بووە کە لە نوسینی مێژووی بزاڤە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکاندا، ڕووداوەکان بە ئەمرو ئامۆژگاری پێشەواکەیەوە گرێ دراون، جا ڕەنگە ئەم دابە زۆر ناهەقانەش نەبێت، بە تایبەتی کە عەبقەریەتی پێشەوا بە ڕادەیەك بێ کە بتوانێ دەوری پەیرەوان و سەرکردایەتی کادیرەکانی بشارێتەوە. جا محەمەد وێرای بلیمەتی و زیرەکی خۆی، هەمیشە توانای یاوەرەکانی بەهەند وەرگرتووە و شیرەت و راوێژی پێکردون و ئایەتیش لەسەرە..

بە هەرحاڵ دەوری ئەو کەسایەتیانە لەسایەی پێشەوایەکی گەورەو زیرەك و بلیمەتدا بە ئاسانی بەدیار ناکەوێت، مەگەر لە غیاب یان مەرگی ئەو پێشەوایەدا بەدیار بکەوێت..هەڵبەتە جەماعەتی ئەبوبەکر-عومەر لەپاش مەرگی محەمەد ئەم توانایەیان سەلماند. ئەبوبەکر کە بە خەلیفە هەڵبژێردرا جەماعەتی سەعد



ئیخوان موسلیمین دایناموی

بن عبادە کە لە ئەنسارەکان بوو، لەگەڵ جەماعەتی عەلی کوری ئەبی تالیبدا زۆر نارازی بوون،جۆرێك لە هەڵگەرانەوەی ناوخۆو ویاخیبوون سەرپهەڵدا، کە دەشیا ببێ بە مایەی هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردنەکەی ئەبوبەکر، بەڵام ئەبوبەکر خۆی شێلو نەکرد، زۆر بە توندی بەرپەرچی یاخیبووانی دایەوەو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە گیروگرفتی هەڵبژاردنی ئەبوبەکر بکەوێتە پەراوێزو مەسەلەی ئەگەری شەری هەڵگەراوەو یاخیان بێتە پێشەوەو ببێ بە گیروگرفتی یەکەم. هەڵوێستی توندو نەگۆری ئەبوبەکر و سازشنەکرنی لەگەڵ هیچ لایەنێکی (رەدەدا) تاکتیکێکی سیاسیانەبوو بۆ شاردنەوەی قەیرانە ناخۆییەکەی، تاکتیکی خڵافاندنی خەلکی و چاوبەستەکێ بۆ تێپەراندنی کێشەو قەیرانێکی ناوخۆ، لە رێگەی دروستکردن، یان گەورەکردنی قەیرانێکی دەرەکی، تاکتیکێکی باوە لە مێژووی سیاسەتدا، هەرچەندە بەکارهێنانی ئەو تاکتیکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بەڵگەی نەبوونی متمانەیە لە نێوان گەل و سەرکردایەتیدا.

بە هەرحال ئەبوبەکر دوو ساڵ و سێ مانگ حوکمی کردو ئەوجا مرد، هەڵبەتە عومەر کەسایەتی دووەم بوو لەناو باڵی حوکمراندا، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرا لە جێگەی ئەبوبەکر حوکم بگرێتە دەست. عومەریش هەڵبژێردراو جگە لە عوسمان و هاوەڵەکانی کەس نارازی نەبوو، ئەوانیش لەوە دەترسان عومەر لە گەڵیاندا توند بێت. بە هەرحال ئەبوبەکرو عومەر لەسەر رێبازی محەمەد رۆییشتن. هەندێجار واسەیری عومەر دەکرێت کە تەواوکەری پەیامەکەی محەمەدە. لەسەردەمی ئەودا ئیسلام گەییە ئێران لە رۆژهەلاتەوەو گەییە لیبیا لە رۆژاواوە. هەر لەسەر دەستی ئەو، ئەو کیانە سیاسیەی کە محەمەد لە (یەترب)دایمەزراند هەنگاوی مەزنی بەرەو بە دەوڵەتبوونی تەواوەتی نا، لە سەردەمی ئەودا ) بیت المال (دامەزرا کە بە یەکەم دەزگای ئیداری و کارگێری دادەنرێت. لە) بیت المال (دا تۆماری تایبەت بە دەرامەت و بودجە هەبوو. تۆماری تایبەت بە ناوی ئەو تاقم و کەسانە هەبوو کە بەخشش دەیگرتنەوە. هەر لە سەردەمی ئەودا سەرەتاکانی دەسەڵاتی قەزایی پەیدابوو. دەگێرنەوە کە عومەر (شریح بن الحارت)ی کردبوو بە قازی لە کوفە، ئەم پیاوە چ کارێکی نەدەکرد جگە لە قازیەتی و دادوەری.هەڵبەتە سەرهەڵدانی دەزگای دادقانی (قەزایی) بەندە بە سەرهەڵدانی دەستوری یاساییەوە..دەگێرنەوە عومەر فەرمانی بۆ والییەکانی دەرکردوە، کە هیچ کەسێك بە بێ پرس و ئاگاداری ئەو ئیعدام نەکرێت، بۆ ئەوەی رەفتاری والییەکانی کۆنترۆڵ بکات چاودێری بەسەرەوە داناون. ئەمە هێم و بناغەی هەواڵگرییە، دەڵێن هەواڵگری عومەر هێندە بەهێز بووە کە لە کاروباری هەموو دەڤەرو قەڵەمرەوەکان ئاگادار بووە.

عومەر یەکێك بووە لەوانەی زۆر گرنگی بە دەستپاکی والییەکانی داوە. ئەگەر کەسێکی لەسەر کارێك یان لە قەڵەمرەوێك دابمەزراندایە، سەروەت

و سامانەکەی دەنوسی، مەبەستی ئەوە بوو بزانێ لە کاتی حوکمرانیدا، لە کاتی ئەنجامدانی کارە رەسمییەکەیدا سەروەت و سامانەکەی چەندێ زیاد کردوە. ئەگەر زیادبوونەکە نابەجێ بوایە، لە والییەکەی دەپێچایەوە.

هەڵبەتە ئاین بە تەنیا! بەس نییە بۆ پاکبوونەوە، ئەگەر ئاین بە تاقە سەرچاوەی پاکبوونەوە بزانین، ئەوا عومەر لەم ئەزمونەدا ئیکمالە و دەرناچێت.. عومەر سوخەتی لاهوتیانی کەم بوو.پتر سەرکردەیەکی سوپایی و سیاسیبوو، عومەر لە ماوەی دوانزە ساڵەی دەسەڵاتی خۆیدا سەلماندی کە قوتابییەکی هەرە باشی قوتابخانە سیاسییەکەی محەمەد بوو، ئەم قوتابخانەیە گەلێك لەو بابەتانەی تیابوو، کە ماکیاڤێلی دەیتوانی لە تیۆرییەکانی خۆیدا پشتیان پێ ببەستێ.

«١٠»

بەگوێرەی ژێدەرو سەرچاوەکان عوسمان پیاوێکی بێدەسەڵاتبوو. زیاتر بابایەکی کاسبکارو بازرگان بوو تا سیاسەتوان بێت. نە لەکاتی بانگەوازی ئیسلامیداو نە لەپاش بانگەواز رەفتارو هەڵوێستێکی وەهای نییە بکرێت بە بەڵگەی توانای سیاسەتوانی ئەو پیاوە. سەردەمی عوسمان نمونەی حوکمرانی خزمخزمێنە و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی بوو، بەڵام لەسەردەمی عومەردا، ئەم تاقم تاقمێنەیە ئاستێکی کۆمەڵایەتی تازەی وەرگرتبوو، ئاستێك کە زیاتر هەڵقوڵاوی سیاسەتێکی بە تۆبزی سەپێنراوبێت.

لەسەردەمی عوسماندا دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو سەرکوتی ناوخۆیی چوو، سیاسەتی گشتی زیاتر شەقڵی شەقاوەگەری وەرگرت، هەر لەسەردەمی عوسماندا یەکەمین ململانێی سیستماتیك دژی دەسەڵات، لە ئیسلامدا سەریهەڵدا. دیارە کە عەلی کوری ئەبی تالیب سەرپەرشتی ئەم ململانێیانەی دەکرد. ئەم کێشمەکێشە لە ئاخروئۆخری حوکمرانی عوسماندا پەرەی سەندو بوو بە راپەرینی چەکداری وموسوڵمانانی میسرو عێراق و حیجاز بەشداریان تێدا کرد.. کۆمەڵە شۆرشگێرێکی موسوڵمان ئابلوقەی ماڵی خەلیفە عوسمانیان داو داوایان لێکرد، یان سیاسەتی خۆی بگۆرێت یان دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت، بەڵام کە بۆیان دەرکەوت خەلیفە دەستی دەستیان پێدەکات، تا فریای خۆی بکەوێت و هێزیان بێنێتە سەر، بۆیە هێرشبەران بە رێبەرایەتی محەمەدی کوری ئەبی بەکری هەواداری عەلی هێرشیان کردە ژوورەوە، عوسمان هیچی بە دەستەوە نەما ئەوە نەبێ کە پەنابەرێتەبەر قورئان و بکەوێتە قورئان خوێندن تا ختوکەی سۆزی ئاینی هێرشبەران بدات، بەڵام بێهودە بوو، کە کوژرا قورئانەکە بە باوەشییەوە بوو.



ئیخوان موسلیمین داینەمۆ

ئەم راپەرینە چەکدارییە هەندێ دەلالەتی لە خۆگرتبوو، کە یەکەمجار بوو لە مەیدانی سیاسەتی ئیسلامیدا سەریهەڵدەدا:

راپەرینەکە دژی خەلیفەیەك بوو، کە پایەیەکی ئاینی یەجگار گەورەی هەبوو، بەوە کۆتایی هات کە بەدەم قورئان خوێندنەوە کوژرا. ئەو خەڵکەش کە رێبەری راپەرینەکەیان دەکرد، پایەیەکی ئاینی گەورەیان هەبوو.. هۆی کوشتنی عوسمان کەچرەوی سیاسی خۆی بوو، بەڵام کەس زاتی نەبوو تاقە یەك کەچرەوی ئاینی بداتە پاڵ.

معاویە بەرای پێشینان بە سیاسەتوانێکی زۆر وریای عەرەب دەژمێردرێت.. دیارە ئەم سەرکردەیە بەهرەو توانایەکی سیاسی چاکی هەبوو..یەکەم سیاسەتوانی موسوڵمانبوو بێگوێدان بە پرەنسیپی ئەخلاق، پرۆژەکانی خۆی ئەنجام دەدا، معاویە یەکێك بووە لەو سەرکردە دەگمەنانەی کە پاشان ماکیاڤیلی خەوی پێوە دیتوون.پرەنسیپی «لە رای مەبەست گشت نارەوایەك رەوایە»بەشێکی تەواوی هەڵسوکەوت و رەفتاری ئەم سیاسەتوانەی گرتبووەوە، کە لە پێناوی پرۆژەو پلانەکانی خۆیدا لە هیچ نەدەپرینگایەوە. زۆر تیرۆری سیاسی ئەنجامدا، لەوانە تیرۆری مالك الاشتر، کە بووە مایەی ئەوەی بە ئاسانی میسر لە دەستی عەلی دەربێنێ. هەروەها تیرۆری حەسەنی کوری عەلی کە کۆسپ بوو لە رێگەی هەڵبژاردنی یەزیدی کوری معاویە..ئەم تیرۆرانە زۆر ترسنۆکانە هاتنە ئەنجام دان، ژەهری تیا بەکارهات، واتە قوربانییەکانی ژەهرخوارد کران، پاشان ئەمە بوو بە باو لە ژیانی سیاسی ئیسلامیدا..معاویە بوو بە نمونەی خەڵکی پەیمانشکێن وبێ بەڵێن. بەڵێنی زۆری دەدا و دوایی خۆی لێنەدەکرد بە ساحێب.ماکیاڤێلیەت وادەخوازێ کە حوکمرانی بە ئاوەز بە بەڵێنانی خۆیەوە پابەند نەبێت بە تایبەتی کە بینی ئەم پابەندییە زەرەر بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێ و ئەو هەلومەرجانەش بەسەرچوون، کە پەیمان و بە لێنەکانی تیا داوە..معاویە بەموو لەم پرەنسیپەی لانەداوە..ئەمەش بەڵگەو نیشانەی ئەو کەلێنە گەورەیەیە، کە کەوتە بەینی رەوشت وسیاسەتەوە..کۆمەڵگەی عەرەبی بە ماوەیەکی کەم پاش سەرهەڵدانی ئیسلام پەرەی سەندو زەمینە بۆ پەیدابوون وسەرهەڵدانی دەسەلات خۆش بوو..

ئەم پەرەسەندنە لە سەردەمی عەباسییەکاندا زیاتر برەوی سەندو دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو بە ئیمپراتۆریەت بوون چوو،بۆیە پایەودەسکەوتی خەلیفەی عەباسی لە هەردوو رووی سیاسی و لاهوتییەوە زیادی کرد، واتە هەم وەکو ئیمپراتۆر پایەی زیادی کرد وهەم وەکو خەلیفە پیرۆزیی زیادی کرد..

حوکمی عەباسییەکان لەسەرەتادا پشتی بە موالیانی فورس، کە ئەرکی بانگەوازی عەباسیان لە ئەستۆ گرتبوو،بەست..فورسەکان لە رێگەی ماڵباتانی



بەرهەمهێنانی توندوتیژی

دەشرۆ وبە دەسەڵاتی وەکو بەرامیکە و ئال سەهل و ئال تاهیرەوە بەشدارییان لە حۆکمرانی عەباسیدا کرد، هەروەها رۆشنبیرانی فارس نەژاد ئەزمونی ساسانییەکانیان لە باری کارگێری وسیاسییەوە کەشف کردوخستیانە بەردەست خەلیفەکانی عەباسیەوە.

ئیدی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان دەوڵەت و پێگەی دەسەڵاتی خێڵەکی نەما، بەمەش قەوارەی فەرمی ئیسلام لە بەدەوییەت وخێڵایەتی رزگاری بوو،زەمینە خۆش بوو،دەرفەت رەخسا بۆ تێکەڵبوونی نەتەوەو رۆشنبیریی جیاواز، کە ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ رێنیسانسی زانستی کە لەگەڵ حوکمی دووەم خەلیفەی عەباسیدا سەریهەڵداو دەستی پێکرد.

مەنسور سێ رێگەی بۆ مامەڵەکردن دەگەڵ رۆشنبیراندا گرتە بەر:

*-راکێشانیان بەلای خۆیدا تا هاریکاری لدەگەڵدا بکەن.

*- کە بۆی نەهاتنە رەدا راوەدوویان بنێت چ بە حەپس و چ بە دەربەدەر کردن.

*-چاوپۆشی لەو چالاکیانەیان کە زەرەدوخەتەری راستەوخۆیان بۆ پەزی دەسەلات نییە..

مەنسور دەیزانی رۆشنبپران لە ناوەندی رۆشنبیریدا سەنگێکی گەورەیان هەیەو وەکو توێژێکی کۆمەلایەتی دکارن کار لە رای خەڵکی بکەن، بۆیە سور بوو لەسەر ئەوەی لە دەوروبەری خۆیان خربکاتەوە.هەڵبەتە بنەمای حوکمی ئیسلامی پاش راشدین لەسەر مکیاڤێلیەت بە هەردوو پرەنسیپەکەیەوە رۆنرابوو:

*- لەرای مەبەست گشت نارەوایەك رەوایە.

*- جیاکردنەوەی ئەخلاق لە سیاسەت.

هەروەها لە سەر بنەمای بیرۆکراتییەت، واتە دابرانی تەواو لە جەماوەری خەڵك.

«١١»

رەنگە هەژاری ببێ بە مایەی زۆر تاوان وگوناح وخەتای ئەخلاقی وەکو:دزیی، بەرتیل وحیزی و.. هتد، بەلام سەروەت و سامانی زۆر (دەوڵەمەندی)توغیان وزولم وگیانی دژمنکاری و لاوازبوونی باری مرۆڤانی لێدەکەوێتەوە،ئەمە جگە لەوەی دەولەمەندی بەزاندنی ئەو پرەنسیپە ئەخلاقیە باوانەی لێدەکەوێتەوە کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوا باون.

سیاسەتی دەوڵەت راستەوخۆ لە رەفتاری دەزگاکانیدا رەنگدەداتەوە. هەر



ئیخوان موسلیمین داینەمۆ

دەوڵەتێك لە سەر هێم وبناغەی ئیبتزاز رۆبنرێت و قوتب و بەرپرسەکانی دەسکەوتی تایبەتی ونائاساییان هەبێت، دەبێ دەزگایەکی بەرتیلخۆر بخولقێنێ، ئەو دەولەتەی بە شێوەیەکی فاشیانە رەفتار لەگەل گەلدا بکات، دام و دەزگاکانیشی فاشی دەبن، چ وەکو در وستبوون و چ وەك ئەو رۆحیەتەی لەلای تاکەکانی زال دەبێت. ئەم حالەتە زۆر بە زەقی لە ولاتانی عەرەبدا بەدی دەکرێت..

«١٢»

محەمەد لە گەنجیدا زۆر دەسکورت بوو، تا خەدیجەی خواست، خەدیجە بێوەژن بوو،ژنی کابرایەکی بازرگان بوو، گومان لەوەدا نییە کە سەروەت وسامانەکەی خەدیجە یارمەتیەکی زۆری دا،هەم پێداویستیەکانی خۆی بۆ دابینکرد و هەم پێداویستیەکانی بانگەوازەکەی تا پاش کۆچیش دابینکرد.کە لە مەدینەوە کەوتە رێگرتن لە کاروانی بازرگانی سەر بەقورەیش و شەری دژی مەکەو خوانەناسانی حیجاز، ئیدی سەرچاوەی تازەی سامانی وەدەستکەوتن. ئەمە جگە لەوەی پێنج یەکی دەسکەوت وغەنیمەتەکانی بە گوێرەی سورەتی ئەنفال بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

دەولەتی ئیسلامی لەسەرەتاکانیدا زۆر خەسڵەتی بەدەویەتی لە خۆ گرتبوو،هەڵبەتە ئەمە بەر لەوەبوو کە پەرەبسەنێت و روو لە بونیاتنانی شارستانییەتی تایبەتی خۆی بکات. بەدەویەت لە جەوهەردا بریتیە لە سادەژینی کە لە بنەرەتدا زادەی لاوازی سەرچاوەێن بژێوی و ناچاری خەڵکە.. هەڵبەتە ئەم حالەتە لەسەردەمی عومەرو عەلی دا هەبوو، تەنانەت عەلی کە بەر لەوەی ببێ بە خەلیفە دەولەمەند بوو، سامانەکەی بەسەر خەڵکیدا دابەشکرد وخۆی بۆ رێبەرایەتی ئیسلام تەرخانکرد، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیسلام هەر زوو روویان لە رابواردن و خۆشگوزەرانی کرد، خەلیفە وەکو هەر ئیمپراتۆرێك هەقی تەواوی لە (بیت المال)دا هەبوو، هیچ سانسۆرێك بەسەر رەفتاری دارایی خەلیفەوە نەبوو. حوکمرانانی ئیسلام بەو چاوەوە دەیانروانییە دەسەڵات کە ئەوزارێکی شەخسی رابواردن و لەزەتکردنە..لەگەل زالبوونی ئەم کەڵکەڵەو خولیایەدا جماعەتێکی خۆشگوزەران لە دەستوپێوەندی دەولەت پەیدابوون کە بریتی بوون لە شاعیران و شاپەران و لیبۆك وجەواری .ئەم جەماعەتانە لەسەر بەخشش و دیاری وخەلاتی حوکمرانان دەژیان.ئیدی کار گەییە کۆرو مەجلیسی خواردنەوەو گۆرانی وسەماو سورچەقەنە.

«١٣»

زانستی سیاسەتوانی لە ناو موسوڵمانان دەچێتە خانەی زانستە پراتیکیەکانەوەو سێ لقی بنەرەتی دەگرێتەوە.

یەکەم: زانستی ئەخلاق و رەوشت کە تایبەتە بە تاك.

دووەم: بەرێوەبردنی ماڵ کە خێزان دەگرێتەوە.

سێیەم: وەزع وحاڵی هەموو خەڵکی وڵات کە دەکاتە زانستی سیاسەت. ئەم زانستە هەموو لایەنێکی رێبەرایەتی وسیاسی وکۆبوونەوەیەکی شارستانی دەگرێتەوەو ئەم زانستە تەنیا لەبەر قازانجەکەی پەسندە دەنا کەس بۆ خودی سیاسەتەکە پەسندی ناکات، چونکە شتێك نییە ناوی سیاسەت لە پێناوی سیاسەتدا بێت. قازانجەکەی بریتیە لە دابینکردنی دادپەروەری و بەردەوامبوونی دادپەروەری لە هەموو روویەکەوە، دیارە دەسەڵاتخوازان بەر لە خەڵکی پێویستیان بەم زانستەیە و پاشان جەماوەری خەڵکی دێن...

تیرۆر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلامدا کارێکی پەسند نەبوو، دیارە ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەرێتەوە، بۆ ئەوەی کە بانگەوازی ئیسلامی هێشتا لە چوارچێوەو بازنەی مژدەو مژگێنی دەرنەچوو بوو، هێندەی دەسەڵات پەیدا نەکردبوو، کە بتوانێ بە ئاسانی چەك بەکاربێنێ و هێشتا بە تەواوەتی لە شوێنێکدا جێگیر نەببوو، کە بتوانێت ئەم جۆرە ململانێیە بکات.

بێگومان مێژووسازێکی وەکو پێغەمبەر دەیتوانی جیاوازی لە نێوان رەفتاری تاکێکدا، کە لە پرەنسیپێن ناوخۆی بناغەی بونیادی ئەخلاقی کۆمەڵگەیەك دەدات بکات، لەگەڵ تەکتیکی بزاڤێکدا کە بە چەك ئەنجام بدرێ ولە پێودانگی زەمینەیەکی سیاسی مێژوویی بەرینترو دورمەوداترەوە هەڵبقولێت.

هەموو دەزانین کە لە (یەثرب)دا جولەکە هەبوون و بە زۆری لە حەساروقەڵای دەرێی شاردا دەژیان، ئیدی تێکەڵەیەك بوون لە خەڵکی موهاجیرو خەڵکی ئەسڵی ناوچەکە (عەرەب). گەلێك تیرەو تایفەیان هەبوو لەوانە: بنوالنضیر، بنوالقنیقاع، بنو قریقە، ئەمە جگە لە جولەکەی قەڵای خەیبەر لە دەرێی یەثرب و لەسەر رێگەی شام.محەمەد لەسەرەتای هیجرەتەکەیدا هەوڵیدا لە دژی کافرانی مەککە،پەیمانیان لەگەڵ ببەستێ، لەسەر بنەمای باوەرێن هاوبەشی نێوان هەردوو ئاینەکە،بەڵام بۆی نەچووە سەر، چونکە جولەکەکان پێیانوابوو بڵاوبوونەوەی ئیسلام پێگەیان لە دورگەی عەرەب لاوازو لەق دەکات، بۆیە لە مەدینەدا رۆڵی تابوری پێنجەمیان لەگەڵ قورەیشدا دژ





ئیخوان موسلیمین دایەنەمۆی

به ئیسلام بینی، بۆیه دەبوایه محەمەد هەوڵی لاوازکردنی کاریگەرییان بدات، وتاقه چەکی دەستی بۆ ئەو کارە......

بـۆ زانیاری پتر بروانە:

*- فصول من تاريخ الاسلام السياسى،هادى العلوى .چاپی دووەم ۱۹۹۹، کە چوار کتێبە لە یەك بەرگدا،

*- انسان واديان،ميشيل مالرب،مترجم: مهران توكلى،چاپ چهارم،۱۳۸۵

*- حسين مروة،النزعات المادية فى الفلسفة العربية-الاسلامية الجاهلية- نشاة وصدر الاسلام،المجلد الاول، ط ۲۰۰۲- لبنان

ئیخوان موسلیمین داینەمۆ